https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.1

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# توندی و نیانی لە گوتاری سیاسیدا

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە نموونە

پ. د. قەیس کاکل توفیق

زانکۆی سۆران- ئاداب

Qais.kakl@soran.edu.iq

م. ی. چیا عەلی مستەفا

زانکۆی ڕاپەڕین- پەروەردە

chya.ali@uor.edu.krd

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا، لە ڕووی واتاییەوە پێناسە و سنوور بۆ چەمکی توندی و نیانی دادەڕێژێت. هەوڵێکە بۆ لەیەکتر جیاکردنەوەیان و دیاریکردنی سنووری بەکارهێنانیان، لە بواری سیاسەت و بەتایبەتیش لە گوتاری سیاسی، لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا، لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەم دوو چەمکە واتاییە دەکرێت، ئەم توێژینەوەیە وەک شێوازێکی ئەکادیمی و بێلایەن دەبێتە داڕێژەری نەخشەیەک بۆ ئەو هەڵوێستانە. توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەش پێکدێت؛ بەشی یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە، لە دوو تەوەرە پێکدێت. لە تەوەری یەکەمدا، کار لەسەر دیاریکردنی چەمکی (توندی و نیان) لە ئاستی زماندا و دیاریکردنی سیما واتاییەکان و پلەی واتاییی ئەم دوو چەمکە کراوە. تەوەرەی دووەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی تیۆری کردە قسەییەکان و دەستنیشانکردنی کردەی توند و نیان لە تیۆری کردەی قسەییدا. دواتر باس لە گوتاری سیاسی و گوتار و هەڵبژاردن کراوە.

بەشی دووەم: لایەنی کارەکیی توێژینەوەکەیە، دیاریکردنی جۆری کردەی قسییەکان و چەمکی توندی و نیانی لە گوتاری لیستە هەڵبژێردراوەکان. لە کۆتاییشدا ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## توندی و نیانی لە گوتاری سیاسیدا

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە نموونە

### پێشەکی

### ٠-١ ناونیشانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (توندی و نیانی لە گوتاری سیاسیدا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە نموونە)یە لەم توێژینەوەیەدا، هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٩)ی، پەرلەمانی کوردستان وەک نموونە وەرگیراوە. هەوڵێکە بۆ ناساندن و دەستنیشانکردنی کردەی توند (Violence Act) و کردەی نیان (moderate Act) لە گوتاردا.

### ٠-٢ گرنگیی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لەچەند ڕوێکەوە گرنگە:

A- لە لایەنی تیۆرییەوە

١-ئەگەرچی هەردوو چەمکی توندی و نیانی لە بواری کۆمەڵایەتی و دەروونی و تەنانەت سیاسیدا بە فراوانی بەکاردەهێنرێن. بەڵام لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم توێژینەوەیە وەک دوو چەمکی هەڵگری واتای پێچەوانەی یەکتر لە ڕووی واتاییەوە پێناسە و سنوور بۆ ئەم دوو زاراوەیە دادەڕێژێت. هەوڵێکە بۆ لەیەکتر جیاکردنەوەیان و دیاریکردنی سنووری بەکارهێنانیان.

٢_ لەبارەی هەڵبژاردن و هەڵوێستی سیاسی پارتە کوردییەکان لە بەرانبەر یەکتر کۆمەڵێ لێکدانەوەی سیاسی و ڕۆژنامەوانی و حزبیی هەمەچەشنی بۆ کراوە. ئەو توێژینەوەیە وەک شێوازێکی ئەکادیمی و

بێلایەن دەبێتە داڕێژەری نەخشەیەک بۆ ئەو هەڵوێستانە. بە شێوەیەکی بابەتیانە هەڵوێستیان بەرانبەر بە یەکتر مێژوو دەخاتەڕوو.

B- لە لایەنی کارەکییەوە

دەکرێ لە بواری سیاسەت و بە تایبەتیش لە وتاری هەڵبژاردندا سوودی لێ ببینرێ. هۆشیارییەکی زیاتر بۆ بەکارهێنان و ستراتیجی ئەو دوو چەمکە دروستبکات. سەرەڕای ئەوەش دەکرێ قوتابییانی بەشی زمان وەک سەرچاوەیەک بۆ شیکردنەوەی گوتار سوودی لێ ببینن. دەبێتە ئەزموونێکی تر بۆ لێکدانەوە.

**٠-٣ ڕێبازی توێژینەوەکە**

ڕێبازی وەسفی_شیکاری کراوەتە بنەمای ئەم توێژینەوەیە.

**٠-٤ کەرستە و سنووری توێژینەوەکە**

کەرستەی توێژینەوەکە بریتییە لە شیکردنەوەی و گوتاری سیاسی (هەڵبژاردن) بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، لەم خولەی هەڵبژاردندا چەند لیستێک و قەوارەیەکی سیاسی بەشداربوون لە ململانێی هەڵبژاردندا. لەم توێژینەوەیەدا، تەنیا گوتاری لیستی کوردستانی و لیستی گۆڕان بە نموونە وەرگیراون. هۆی هەڵبژاردنی ئەم دوو لیستەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لیستی کوردستانی بە لیستی دەسەڵات ناسراوبوو، لە هەردوو قەوارەی سیاسیی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) پێکهاتبوو، لە بەرانبەریشدا لیستی بزوتنەوەی گۆڕان وەک قەوارەیەکی سیاسی نوێ و ڕکابەر و ئۆپۆزیسیۆنی لیستی دەسەڵات دەناسرا. گوتاری کەسی یەکەمی قەوارە سیاسییەکان بە نموونە وەرگیراوە، لەبەرئەوەی نوێنەرایەتیی ڕاستەوخۆی لایەنە سیاسییەکە دەکات. گوتاری دەسپێکی هەڵبژاردن کە ئاڕاستەی

جەماوەر کراوە بە نموونە وەرگیراون. سنووری لێکۆلینەوەکە ئاستەکانی سیمانتیک و پڕاگماتیک دەگرێتەوە، بە تایبەتیش لێکسیمەکان. لێکۆڵینەوە شیکارییەکان بە شێوەی شیکاریی ناوەڕۆک (Concept Analysis) ئەنجام دراوە، هەربۆیەش بە تەنها خۆمان بە بواری پڕاگماتیکی بەندنەکردووە.

### ٥ پرسیاری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١. ئایا بەکارهێنانی توندی و نیانی لە گوتاری سیاسی (هەڵبژاردن)دا، لە لایەن قەوارە سیاسییەکانەوە لە چ ئاستێکدا بووە؟

٢. لە بەراوردکرنی نێوان لیستە ڕکابەرەکان لە بەکارهێنانی چەمکی توندی و نیانی. لە چ سنوورێکدایە؟

### ٦ تیۆری توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا، پشتبەستراوە بە تیۆری شیکردنەوەی گوتار (Grounded Theory). پەیڕەوی ڕێبازی شیکاریی پڕاگماتیکی کراوە، بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان (act Speech) بۆ دەستنیشانی هەردوو کردەی توند و نیان. هەروەها نەخشە و خشتەی ئامارەکان بە بەرنامەی (Excel) دیاریکراوە و خراونەتەڕوو.

### ٧-٠ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

جگە لە پێشەکی و ئەنجام توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم لایەنی تیۆریی توێژینەوەکەیە، ئەویش لە دوو تەوەرە پێکدێت. لە تەوەرەی یەکەمدا، کار لەسەر دیاریکردنی چەمکی (توندی و نیان) لە ئاستی زماندا کراوە و دیاریکردنی سیما واتاییەکان و پلەی واتاییی ئەم دوو چەمکە. تەوەرەی دووەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی تیۆری کردە

قسەییەکان و دەستنیشانکردنی کردەی توند و نیان لە تیۆری کردەی قسەییدا. دواتر باس لە گوتاری سیاسی و گوتار و هەڵبژاردن کراوە.

بەشی دووەم: لایەنی کارەکیی توێژینەوەکەیە، دیاریکردنی جۆری کردەی قسییەکان و چەمکی توندی و نیانییە لە گوتاری لیستە هەڵبژێردراوەکان. لە کۆتاییشدا ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## ١_ بەشی یەکەم

### ١-١ چەمکی توندی و نیانی

ئەگەرچی توندی (Violence)(١) لە فیزیادا هێزێکی مادییە و لە زماندا چەمکی واتایی (ئازاردان) دەدات. لە سروشتدا چەندین دیاردەی توند هەیە، لەژێر کۆنترۆڵی مرۆڤدا نییە. لە هەمان کاتدا توندی ڕەفتارێکی مرۆڤە. کردە توندەکان لە ئەنجامدان و شێوازدا جیاوازن. بەڕای دەروونناسەکان توندی غەریزەیەکی مرۆڤە، وەڵامدانەوەیە بۆ وروژێنەرێکی دەرەکی. توندی بارێکی هەڵچوونی ئاسایی مرۆڤە. بەڕای کۆمەڵناسەکان توندی دەرهاویشتەی کۆمەڵگایە، لە ئەنجامی هەستکردن بەشکست یان دڵەڕاوکێ پیادە دەکرێت. نیانی (Moderate)(٢) چەمکی (بەخشین و لێبوردەیی) دەدات، ڕەفتارێکی مرۆڤە. بنەمای پێکەوەژیانی شارستانییە.

### ١ – ٢ توندی و نیانی لە زماندا Violence & Moderate in language

زمان توانایەکی بیۆلۆجییە، تایبەتە بە مرۆڤ. مرۆڤیش بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، یەکێک لە ئەرکەکانی زمان، بریتییە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

لەباری ئاسایی و نائاساییدان. لەباری نائاساییدا، مرۆڤ زۆر جار پەنا بۆ توندیی زمانی دەبات. توندیی زمانی ئەو توندییەیە مرۆڤ لە بەکارهێنانی زماندا ئەنجامی دەدات و لێکەوتەی زمانی توند و کردەی توندیی زمانی ڕادەپەڕێنێ. باری نەرێنی (Negative)ی، لێدەکەوێتەوە. نیانیی زمانی ئەو ناتوندوتیژییەیە، مرۆڤ بە زمان ئەنجامی دەدات. لایەنی ئەرێنی (Positive) و لێکەوتە و کردەی نیان ڕادەپەڕێنێ. لەپەیوەندیی نێوان زمان و چەمکی (توندی و نیانی) ڕووبەڕووی ئەم پرسیارانە دەبینەوە.

١ - زمان وەک سیستەم چ پەیوەندییەکی بە چەمکی توندی و نیانی هەیە؟ توندی و نیانی زمان دەکەونە کام ئاستی زمانی؟

٢- چوارچێوە و سیمای جیاکەرەوەی توندی و نیانی چییە؟

بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانە پێویستیمان بەم ڕونکردنەوەیە دەبێت. زمان لە چەند ئاستێکی چووەناویەک و تێکچڕژاو پێکدێت. زمان سیستەمێکە یاسای زمانی بەڕێوەی دەبات. یاساکانی زمان توانا بیۆلۆجیەکەی زمانە، زمان سنووردار دەکات (ئاستی بەرجەستەی زمانە). دواتر زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەرکی زمان بریتییە لە کردەی پەیوەندیکردن، بەهۆی ڕەمزەکانی زمانەوە ئەنجام دەدرێت (ئاستی نابەرجەستەی زمانە) لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە. هێماکان ئاماژەن (Sign) پەیوەندییان هەیە بە دال (Signifier) و مەدلول (Signified). بەڕای (سوسێر) پەیوەندیی نێوان دال و مەدلول لە دوو ئاستدایە. ئاستی (دال) بریتییە لە دەنگەکانی زمان ئاستی مادیەتی زمانە. ئاستی (مەدلول) بریتییە لە ڕەمزەکانی زمان وێنەیەکی ڕووتە لە بیردایە، لەخۆوەیە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەرە (ئاستی نابەرجەستەی زمانە) (ابراهيم خليل،٢٠١٠: ٨٦). بەڕای میلنر (J.C.Milner) زمان دەبێت بە دوو ئاست، سیستەمی زمانی (Langue) و دوای زمانی (LA langue) سیستەمی زمانی حەقیقەتی[٣] (Real) زمانە و مادییە. وەک یاساکانی سروشت و فیزیا.

بەشەکەی دوای زمان بریتییە لە ڕەمزەکانی زمان دەستکردی مرۆڤن نابن بە بەشێک لە حەقیقەتی زمان. بەڵکو واقیعن (Reality) بەڕای (میلنر) سیستەمی زمانی کرۆکە، بە هێما پێناسە دەکرێت (جان جاک لوسرکا،٢٠٠٥: ٩٢). واتە زمان دیاردەیەکی (حەقیقی واقیعییە). بەشێکی مادییە و بەشەکەی تری نامادییە. بۆ نموونە:

**چەقۆ گۆشت دەبڕێت.**

کرداری (بڕین) گواستنەوەیەکی بەرجەستەیی بۆ نابەرجەستەیی پەیوەندی هەیە بە تێکەڵکردن و گواستنەوە (گۆشت، چەقۆ، بڕین). زمان پڕۆسەیەکی دوو لایەنە، پڕۆسەی سیستەمی زمانی و پڕۆسەی واتایی، زمان وەک سیستەم بێلایەنە لە ئاست توندی و نیانیدا. هەردوو چەمکی توندی و نیانی دوو چەمکی واتایین و بەکارهێنانیان لە ئاستی سیمانتیک و پراگماتیکدایە.

## ١ – ٣ سیما واتاییەکانی توندی و نیانی

پێوەری دیاریکردن و جیاکردنەوەی سیمای واتایی توندی و نیانی لە ئاستەکانی سیمانتیک و پڕاگماتیکدایە. لە سیمانتیکدا واتای فەرهەنگیی وشە توندەکان پێوەرن بۆ توندیی سیمانتیکی. وشە توندەکانیش هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە کە دەکەونە بواری واتایی وشە نەرێنییەکان (Negative) واتایەکی نەرێنی یان لێکەوتەیەکی نەرێنی لێبکەوێتەوە. وەک وشەکانی (نیشتمانفرۆش، گەندەڵ، ناحەز، خائین...). لە ئاستی پڕاگماتیکدا، هەر دەربڕینێکی زمانی بەپێی سیاقی بەکارهێنانی لێکەوتەیەکی نەرێنی (Negative) هەبێت و ببێتە هۆی ڕاپەڕاندنی کردەیەکی توند، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، یان پەیام و لێکەوتەی توندی لێبکەوێتەوە، وەک کردەکانی (هەڕەشەکردن، سووکردن، توانجلێدان...). بە سیمای توندی دادەنرێت. واتای فەرهەنگیی وشە

نیانەکان دەبن بە پێوەر بۆ نیانیی سیمانتیکی. وشە نیانەکانیش هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە کە دەکەونە بواری واتایی، واتای وشە ئەرێنییەکان (Positives) وشەکە واتایەکی ئەرێنی یان لێکەوتەیەکی ئەرێنی لێبکەوێتەوە. وەک وشەکانی (دیموکراسی، دادپەروەری، یەکسانی، هاونیشتمانی...) لە ئاستی پڕاگماتیکدا، هەر دەربڕینێکی زمانی بەپێی سیاقی بەکارهێنانی لێکەوتەیەکی ئەرێنی (Positives) هەبێت و ببێتە هۆی ڕاپەڕاندی کردەیەکی نیان، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، یان پەیام و لێکەوتەی نیانی لێبکەوێتەوە، وەک کردەکانی (سوپاسکردن، پۆزشهێنانەوە...) هەندێک لە یەکە واتاییەکان بێلایەنن لە نێوان چەمکی واتایی توندی و نیانی، وەک کردەیەکی دوو لایەن دەردەکەون، بەپێی سیاقی بەکارهێنانیان لە توانایاندایە هەر دوو جۆری کردەی توند و کردەی نیان ڕاپەڕێنن وەک کردەکانی (پەیماندان، ئاگادارکردنەوە، دوعاکردن، بیرهێنانەوە...) چەمکی توندی و چەمکی نیانییان لە پڕاگماتیک و سیاقی بەکارهێناندایە

## ١-٤ پلە واتاییەکانی توندی و نیانی

توندی و نیانی دوو چەمکی واتایی دژ بە یەکن، بەڵام دژیەکی تەواونین. هەر یەکەیان جەمسەرێکی واتایی بەرانبەریەکی نەگرتووە، بەڵکو پلەبەندی لە نێوانیاندا هەیە. توندی و نیانی لە واتادا بەسەر چەند پلەیەک دابەش دەبێت (توند، زۆر توند، یەکجار توند، توندترین...) و (نیان، زۆر نیان، یەکجارنیان، نیانترین...) لە نێوان ئەم ئاستانەشدا پلەبەندی هەیە. پلەی توندی و نیانی بەستراوەتەوە بە جۆری کردەکە و فۆڕمی ڕستەکە. مۆڕفیمی (تر) لە هەندێک بەکارهێناندا پلەی واتاییی توندی و نیانی لە نێوان دوو گوتاردا بەراورد دەکات. هەروەها مۆڕفیمی (ترین) پلەی واتاییی توندی و نیانی بۆ بەرزترین ئاست بەرزدەکاتەوەوە.

**١ -٥ توندی و نیانی لە ئاستەكانی زماندا**

سیستەمی زمان بێلایەنە لە نێوان چەمكی توندی و نیانیدا، لە ئاستی مۆڕفۆلۆژیدا، مۆڕفیم ئەركی ڕێزمانی و واتایی دەبینن. بە گشتی هەر مۆڕفیمێک (پێشگر و پاشگر) بە هەر لێكسیمێک لە لێكسیمەكانی ئاخاوتن بلكێت. ئاڕاستەی لێكسیمەكەی گۆڕی و واتایەكی توند یان نیانی پێبدات یان لێكەوتەیەكی واتا توند یان نیانی لێبكەوێتەوە لەم بارەدا دەتوانرێت بە مۆڕفیمێكی توند یان نیان دابنرێت. بۆ نموونە:

عەقل ← بێعەقل: بەهۆی مۆڕفیمی (بێ) چەمكی واتای لێكسیمەكە گۆڕدرا لە لێكسیمێكی بێلایەن بۆ لێكسیمێكی واتا توند. هەروەها لە ئاستی سیمانتیكدا لێكسیمەكانی (ناو، ئاوەڵناو، كردار) بەشداردەبن لە ڕۆنانێكی (توند یان نیان)ی سیمانتیكیی لێكسیمەكە هەڵگری سیمای واتایی (توند یان نیان)ە. بە توندی و نیانی وشەیی دەناسرێن. پەیوەندییان بە سیاقی بەكارهێنانەوە نییە. بۆیە بە توندی و نیانی فەرهەنگی دادەنرێن. كۆی واتای توندییەكە یان نیانییەكە لە فۆڕمی ڕستەی (خەبەری، پرسیاری، سەرسوڕمان)دا، دادەڕێژڕێت.

١. دیلەكانیان بە ئازارەوە كوشت. ← ڕستەی خەبەری
٢. جاش ناوچەكەی وێرانكرد! ← ڕستەی سەرسوڕمان
٣. بۆچی شەڕەكە هەڵگیرسا؟ و كێ ئەم هەموو كوشتارەی كرد؟ ← ڕستەی پرسیاری

لە ئاستی پڕاگماتیكدا، گرنگی بە واتای پیتی وشە و ڕستە نادرێت، بەڵكو گرنگی بە مەبەست دەدرێت. لە كردەی قسەیی و گریمانەكان دەردەكەوێ. سیاقی ئاخاوتن خاڵی یەكلاكەرەوەیە بۆ دەستنیشانكردن و جیاكردنەوەی واتای توند و نیانی ڕستە و گوتە لە بەكارهێناندا. بۆ نموونە:

سوپاسی هەڵوێستتان دەکەین.

تەنیا سیاقی بەکارهێنان ڕوونیدەکاتەوە، ئایا کردەیەکی واتا (توند یان نیان)ی، ڕاپەڕاندووە. یەکە واتایەکانی وەک (ئیدیۆم، پەندی پێشینان، ناسناو، میتافۆر) هەڵگری سیمای واتاییی ئەرێنی (Positives) و نەرێنین (Negatives). لێکەوتەی (توند و نیان)یان لێدەکەوێتەوە، یان کردەیەکی چەمکی واتا (توند یان نیان) ڕادەپەڕێنن. وشە تابۆکانی زمان، دەربڕینێکی واتایین، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کلتوور ڕاشکاوانە شیاوی دەربڕین نین. بۆیە گشت تابۆکانی زمان چەمکی واتای توندی دەبەخشن.

## ٢ – ١ تیۆری کردەی قسەیی Speech Acts

سەرەتای سەرهەڵدانی تیۆری کردەی قسەیی دەگەڕێتەوە بۆ زمانەوانانی بواری فەلسەفەی زمان. پاڵنەریان بۆ تۆێژینەوەکانیان بریتیبوو لە تێگەیشتنی زیاتر بۆ پەیوەندیی زمان لە چۆنیەتیی کارکردنی بیر لە وێناکردنی ژیان. بە گشتی شیکردنەوەکانیان (شیکاری_فەلسەفی) بوو. لەسەر بنەمای شیکاری_لۆجیکی بۆ زمان و گوتە، بە جۆرێک گوتن بەکردار لە قەڵەم دەدات. بۆ ماوەیەک واتاناسەکان و فەیلەسوفانی باری لۆجیکی (الوضعية المنطقية) بۆچوونی دێرینەکان لەبارەی قسەکردنەوە بە جۆرێک بوو کە قسەکردنیان وەک کار ئەنجامدان نەدەبینی. ڕایان وابوو زمان لەناوەڕۆکدا ئەرکی وێناکردنی جیهان و نوێنەرایەتیکردنیەتی، ئەم وێناکردن و نوێنەرایەتیکردنە لەسەر بنەمای دروستی و ناردوستی دەبێت (ثروت مرسی،٢٠١٨: ١٧٨) ئۆستن (Austin) ئەمەی بە هەڵەی وەسفی (هەواڵی) (Descriptive Constative Fallacy) دادەنا. ڕاستە گوتن ناساندنی بارێکە یان گواستنەوەی زانیارییە لەسەر بابەتێک، ئەمەیان ئەرکێکە لە ئەرکەکانی گوتن، بەڵام ئەمە هەمو شتێک نییە (چونکە هەموو گوتنێک وەسفی بارودۆخی تێدایە، بەڵام ئەم وەسفە لە خۆیدا هەموو شتێک نییە) (محمد معروف،٢٠١٠: ٢٠٧ بەڵکو بە گشتی مەبەستێکی قوڵتر

له دوای وەسفەکەدا هەیە، ئەویش مەبەستی قسەکەر (Intentionnalite) و ئەنجامدانی کردەیەکە (Act) زمان لە ئاستی شکلی و وەسفی دەردەچێت، دەکەوێتە خانەی بەکارهێنان. دەبێتە بەشێک لەبەکارهێنەرەکە (پەیمان دەبەستێت، هەڕەشەدەکات...) ئۆستن (Austin) جیاکاری دەکات لە نێوان دوو جۆر گوتەدا، گوتەی وەسفی کار ناڕاپەڕاندن (Constative) و گوتەی کار ڕاپەڕاندن (Performative). گوتەی کار ناڕاپەڕاندن (Constative) هەموو ئەو گوتانە دەگرێتەوە، هەواڵێک دەگەیەنن یان ڕووداوێک یان بارێک دەناسێنێت. تایبەتمەندیی ئەم جۆرە گوتەیە لەوەدایە کە واتاکەی تایبەتە بە زانیاریی ناو ڕستەکە و واتا لە دەوروبەر وەرناگرێت. بەندە بە بنەمای ڕاستی و ناڕاستی. بەڵام گوتەی کار ڕاپەڕاندن (Performative) ئەرکی ڕاپەڕاندنی کردەیەک دەبینێ. گۆکردنی ئەم جۆرە گوتانە ئەرکی (ناساندن، زانیاریی گەیاندن) نابینن، بەڵکو ئەرکی ڕاپەڕاندنی کارێک جێبەجێدەکەن. گۆکردنی هەر گوتەیەک بە واتای ئەنجامدانی کارێک و دروستکەری ڕووداوێک دێت (Austin،١٩٩١: ١٧). ئەم جیاکارییە بووە خاڵی دەسپێکی سەرهەڵدانی تیۆری کردەی قسەیی لای ئۆستن. ئەم جۆرە گوتانە کاتێک سەرکەوتوو دەبن کە بکەونە بواری جێبەجێکردن (Operatives) بۆیە بە پێوەری دوانەی (ڕاستی و ناڕاستی) بڕیار لەسەر ئەم جۆرە گوتەیە نادرێت. بەڵکو بە پێوەری (سەرکەوتوویی و ناسەرکەوتوویی) لە ئەنجامدا بڕیاری لەسەر دەدرێت. ئەرکی زمان لە تیۆری کردەی قسەییدا ئەرکی گواستنەوەی ڕاستیی گوزارشتکردن لە هەست و سۆز و وێناکردنی لۆجیک... ئەرکی (هەواڵدان)ی، نییە. بەڵکو زمان دەزگایەکە هەڵدەستێ بەگۆڕینی گوتە لە سیاقی دیاریکراو بۆ کردەیەکی کۆمەڵایەتی. زمان ئەرکی جێبەجێکردنی کردەکە دەبینێت. گۆکردنی گوتە بە واتای ڕاپەڕاندنی کاری گوتنەکە دێت. پوختەی تیۆرەکە بریتییە لە ((ئەگەر لە واتای هەر گوتنێک ورد بینەوە، کە قسەکەر بەکاریدەهێنێت دەتوانین لە دوو ڕوانگەی جیاوازی واتاییەوە سەیری بکەین کە دوو واتای جیاواز ببەخشێت ئەویش واتای (دەرەوە)

یان گشتی و واتای شاراوە کە بریتییە لە ڕاپەڕاندنی کارێک)) (قەیس کاکل،١٩٩٥: ٣٩) تیۆری کردەی قسەیی بە دوو بنەماوە بەندە.

مەبەست ← هەر جۆرە کارڕاپەڕندنێک بەشێکە لە مەبەست. واتە بەستنەوەی پەیوەندی لە نێوان گوتەی زمانی و مەبەستی نێرەر.

دەوروبەر ← دەوروبەری پڕاگماتیکی مەبەست لەو دەوروبەرەی کە گوتنەکە و کردە زمانییەکەی تیادا ئەنجامدەدرێت.

لە کاتێکدا لێکدانەوە بۆ هەر گوتنێک بکرێت، پێویستە لە دوو ڕووەوە لێکدانەوەی واتایی بۆ بکرێت ڕوویەکی ئاشکرا و ڕوونی گوتنەکە، کە خۆی لە واتای سینتاکسی و سیمانتیکیی ڕستەکەدا دەبینێتەوە، لەگەڵ واتای شاراوەی مەبەستی قسەکەر، پەیوەستە بە دەوروبەری بەکارهێنان. کردەی قسەیی بریتییە لە گەیاندنی پەیام بە گوێگر بۆ ڕاپەڕاندنی کردەیەک، بۆیە پێویستی بە هێزی گوتن هەیە. هێزی گوتن بۆ گەیاندنی پەیامی سەرکەوتوو پێویستی بە هێزی ڕەوانبێژیی زمانییە. هێزی گوتن بە دوو ڕێگا بە گوێگر دەگەیەنرێت.

١- _ هێزی ئاوازە و بۆتەی ڕێزمانی.

هێرشەکە ڕابگرن. ← ئاوازەی ڕستە.

ئەم ڕستەیە بەهۆی ئاوازەوە، کاریگەریی ئەنجامدانی کارەکە دیاریدەکات.

پێم باشە هێرشەکە ڕابگرن. ← بۆتەی ڕێزمانی.

هێزی ئەم گوتنەش لە بۆتە ڕێزمانییەکەیدا دەردەکەوێت. لەهەر دوو باری سەرەوەدا لێڵییەک لە گوتنەکاندا دەردەکەوێت، بە جۆرێک کە مەرج نییە مەبەستی قسەکەر لە ئەنجامدانی کارەکە، هەمان مەبەست بێت لە لای گوێگر، واتە ئەم کارە مەرج نییە جێبەجێبکرێت.

٢- _هێزی کاری ڕاپەڕاندن

من فەرمانتان پێدەدەم کە هێرشەکە ڕابگرن.

هێزی گوتنەکە، لە کاری ڕاپەڕاندنەکە (فەرمانتان پێدەدەم) دایە، هیچ لێڵییەک لە ئەنجامدانی کاری ڕستەکەدا ناهێڵێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، کارەکان بۆ دوو جۆری ڕاپەڕاندن (Performative) و ناڕاپەڕاندن (Constati) دابەشدەکرێن، کاری ڕاپەڕاندنیش دەکرێت بە دوو جۆر (ئاشکرا و شاراوە).

کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ ئەو بارانە دەگرێتەوە کە مەبەستی نێرەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگات بە وەرگر. جیاوازییەک لە نێوان جۆری کردەکە و پێکهاتە و ڕۆنانی ڕستەکەدا هەیە، ڕۆنانی ڕستە لەگەڵ جۆری مەبەست جیاوازە. هەرگوتنێک ئەنجامدانی نیاز و مەبەستی قسەکەرە. گوتن بریتییە لە ڕاپەڕاندنی کاری گوتن، بۆیە گوتن (تەنیا بەهۆی ڕۆنان و ئەو واتایەی کە بۆی دەگەڕێتەوە وەسفناکرێت، بەڵکو بەهۆی ئەنجامدانی ئەو کارەی کە دەرهاویشتەی ئاخاوتنەکەیە وەسفدەکرێت) (محمد خطابی، ٢٠٠٦: ٢٩) هێزی ڕەوانبێژیی گوتنەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کردەیەک. واتای گوتنەکە زیاترە لەوەی کە گوتراوە لە واتای پیتی گوتن. نێرەر شتێک دەڵێت و مەبەستی شتێکی تر دەبێت. بۆ نموونە:

١- داوات لێدەکەم لە کارەکەت دوانەکەویت. ← کردەی داواکاری

٢- پێشنیاردەکەم بەم ڕێگایە نەڕۆیت. ← کردەی پێشنیارکردن

لە ڕستەی (١) نێرەر بەهۆی کردەی (داواکاری) کردەی (فەرماندان) ڕادەپەڕێنێت، بەڵام هیچ کارێکی فەرماندان یان مۆرفێمی فەرماندان لە ڕۆنانی ڕستەکەدا نییە. لە ڕستەی (٢) دا لە ڕێگەی کردەی (پێشنیارکردن) کردەی (قەدەغەکردن) ڕادەپەڕێنێ.

چەمکی توندی ونیانی بەهۆی کۆمەڵێک کردەی جیاواز دەردەبڕدرێت بۆ نموونە لە کردەکانی (هەڕەشە، تۆمەتدانەپاڵ...) چەمکی توندی دەگەیەنن بە پێچەوانەوەش کردەکانی (سوپاسکردن، ڕێزگرتن...) چەمکی نیانی دەگەیەنن.

## ٢ – ٢ جۆرەکانی کردەی توند و کردەی نیان

بە گشتی کردەکان یەکێک لە چەمکەکانی توندی یان نیانی دەبەخشن. پێوەری دیاریکردن و جیاکردنەوەی ئەو کردانەی کە چەمکی توندی و نیانی دەبەخشن لە ئاستەکانی سیمانتیک و پڕاگماتیکدایە. بەشێک لە کردەکان بە ئاشکرا و ڕوونی، بەڕاستەوخۆ چەمکی (توند یان نیان) دەگەیەنن، هیچ گومان لە توندی یان نیانی کردەکەدا نامێنێتەوە. بەڵام لە هەندێک گوتەدا، جیاکردنەوەی لە ڕاپەڕاندنی چەمکی توند و نیاندا لە هێڵی ناوەڕاست دەوەستن، بۆ جیاکردنەوە و دیاریکردنی جۆری کردەکە پەنا بۆ دەورەبەری گوتنەکە براوە، لە بڕوابوونمان بەوەی کە دەوروبەری بەکارهێنان خاڵی جیاکردنەوەی کردەکانە لە نێوان گەیاندنی چەمکی توند و چەمکی نیاندا. بۆ نموونە:

ئێمە ئەم دەسکەوتانەمان بەدیهێنا.

تەنیا دەوروبەری بەکارهێنان ڕوونی دەکاتەوە ئایا کردەی (توانجلێدان)ە، کە کردەیەکی واتا (توند)ە، یان کردەی (شانازیکردنە)ە، کە کردەیەکی واتا نیانە.

بە گشتی کردەی توند و کردەی نیان لە تیۆری کردەی قسییدا دابەشدەبێت بۆ:

### ٢ – ٢_١ چەمکی نیانی:

هەموو ئەو کردانە دەگرێتەوە کە هەڵگری سیمای واتایی نیانی و لێکەوتەی نیانیان لێدەکەوێت و باری ئەرێنی نیشاندەدەن. کردەکانی وەک (سوپاسکردن، ڕێزگرتن، لێبوردن، پیرۆزبایی...). بۆ نموونە:

سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەم. ← کردەی سوپاسکردن

پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مێژووییەتان لێدەکەم. ← کردەی پیرۆزبایی کردن

### ٢ – ٢ -٢ چەمکی توندی

هەموو ئەو کردانە دەگرێتەوە کە هەڵگری سیمای واتایی توند و لێکەوتەی توندیان لێدەکەوێت و باری نەرێنی نیشاندەدەن. جۆری کردە توندەکان (تۆمەتدانەپاڵ، نەفرەتکردن، سوککردن، تەخوین کردن، هەڕەشەکردن...). بۆ نموونە:

خیانەت لە خوێنیاندایە. ← کردەی تەخوینکردن

هەڵتۆقیوێکی سیاسی. ← کردەی سوککردن

### ٢ -٢ -٣ چەمکی دوولایەن

واتە بەپێی بەکارهێنانیان کردەکان لە دەوروبەردا دەتوانن هەردوو چەمکی توندی و نیانی ببەخشن... هەندێک کردە دەشێ هەردوو چەمکی توندی و نیانی ببەخشن. وەک کردەکانی (بڕیاردان، پێڕاگەیاندن، پەیوەستبوون...). بۆ نموونە:

بە بڕیاری سەرەوە دیلەکان ئازد بکەن. ← کردەی بڕیاردان (نیان)

به بڕیاری سەرەوە دیلەکان لەسێدارەبدەن. ← کردەی بڕیاردان (توند)

### ٢-٣ گوتاری سیاسی

گوتار گوتەیەکی زمانییە، ئاڵوگۆڕی پەیامە بەپێی سیاقی ئاخاوتن بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردێت. (قاڵبێکە بۆ گەیاندنی پەیام لە نێوان قسەکەر و گوێگر یان نووسەر و خوێنەر) (لطف الله، ٢٠٠٤: ٩٢) گوتاری سیاسی، گوتارێکی تایبەتە، بۆ مەبەستێک و ئامانجێکی سیاسی بەکاردێت. ئەرکی زمان لە کردەی پەیوەندیکردنی سیاسیدا بریتییە لە (گەیاندنی زانیاری، هاندان، ئاڕاستەکردن، ئارامکردنەوە، دروستکردنی ڕووداو، گفتوگۆ و دانوستاندن...). فۆکۆ ڕای وایە (گوتار دەسەڵاتە) بەستنەوەی گوتارە بە دەسەڵات و دەسەڵات بە گوتارەوە، لە نێوان بکەری سیاسی و گوتاردا (الزواری بغورة، ٢٠١٥: ١١٨) بۆیە گوتار تەنیا ڕێکخستن و پلان نییە دەسەڵات دایڕشتبێت، بەڵکو پەیوەندییەکی کۆکراوەی نیوان زمان و هەیمەنەی کۆمەڵایەتییە. هێزی دەسەڵاتی گوتەکانە. بە ڕای فۆکۆ دەسەڵات دەبێت لە زۆر ڕووەوە سەیربکرێت، لە لایەک دەزگاییێکە لە دەزگاکانی دەوڵەت وەک دەزگای ئاسایش و پۆلیس و سەربازی. لە لایەکی ترەوە، دەزگایەکی سیاسییە وەک دەزگای حکومەت لە ڕوویەکی تر دەزگایەکی زانستی و پەروەردەییە و دادپەروەرییە. دەسەڵات پەیوەندی هەیە بە هێز (Power) بۆیە لەسەر بنەمای ستراتیژیەت شیکاردەکرێت. نەک لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی و دەروونی. فۆکۆ لەبارەی ستراتیژیەت و گوتار ڕای وایە ناکرێت جیهانی گوتار دابەشبکرێت بەسەر گوتاری بەهێز و گوتاری لاواز یان گوتاری پەسند و گوتاری ڕەتکراوە، بەڵکو گوتار کۆمەڵێک ڕەگەزە لە ستراتیژیەتی جیاواز کاردەکات. لە پەیوەندیی نێوان (دەسەڵات و هێز و زمان) فۆکۆ پێیوایە، تاک بنیاتنەری بنیاتی کۆمەڵایەتی نییە بەڵکو بنیاتی کۆمەڵایەتی ئەنجامی

دەرهاویشتەی گوتارە. لە گۆڕەپانی سیاسیدا ئایا لە ڕێگەی زمانەوە لە سیاسەت دەکۆڵدرێتەوە؟ واتا زمان کەرستەیە و سیاسەت بابەتە. یان لێکۆڵینەوە لە زمان دەکرێت لە ڕێگەی سیاسەتەوە؟ زمان بابەتە و سیاسەت کەرستەیە. لە یەکەمدا گەڕانە بەدوای واتای چەمکی سیاسی (ئازادی، دیموکراسی،...) چەمکە سیاسییەکان واتایەکی زمانی دیاریکراویان هەیە، بەڵام بکەری سیاسی بەپێی سیاق یارییان پێدەکات واتای جۆراوجۆری پێدەبەخشێت (دەسەڵات). لە دووەمدا داڕێژەری واتای چەمکی سیاسییە (ئۆپۆزیسیۆن). لە یەکەمدا زمان بەکاردێنێ بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی سیاسی. لە دووەمدا زمان بەکاردێنێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی.

### ٢-٤ گوتار و هەڵبژاردان

هەڵبژاردن، واتە ململانێی بردنەوە و بەدەستهێنانی متمانەی زۆرترین دەنگدەر و ئەنجامێکی سەرکەوتوو. بۆیە هەڵبژاردن ئامرازی گوتاری سیاسییە. گوتاری سیاسی پەیوەستە بە ڕووداو و بابەتی سیاسی، هەڵبژاردنیش بابەتێکی سیاسییە. (هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دەنگدانە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت سەرۆک و دروستکەری بڕیار دیاریبکرێت)(سەرهەنگ حمید، ٢٠٠١: ٨). لە پرۆسەی هەڵبژاردندا وەرگر خاڵی یەکلاکەرەوە و بڕیاردەرە. نێرەر پەیام بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی وەرگر دەکات. مەبەست لێی کاریگەری خستنەسەر بیر و هزری وەرگرە، تا کردەیەک ڕاپەڕێنێت بە ویستی نێرەر بێت. کردە زمانییەکان جیا لە ئەرکی گواستەوەی پەیام، ڕۆڵی ڕازیکردنی وەرگریش دەبینن. بەهۆی بەڵگەی ڕازیکەر و پەسند. گرنگ نییە بەڵگەکان ڕاست بن یان ناڕاست. گرنگ ئەوەیە وەرگر باوەڕ بە بەڵگەکان بهێنێت و لە لای ببێت بە لۆجیک. لەم بارەدا هێزی گوتە زمانییەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن، چونکە پەسندی عەقلانی کردەیەکی مەعریفییە.

دەکرێت گوتەکان ناڕاستبن بەڵام لە لای وەرگر پەسندبن (فیرکلاو، ٢٠١٦: ١٢٥). بۆیە گوتار گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ ڕازیکردن لە هەر بابەتێک (عبدالطیف عادل، ٢٠١٧: ٥٥) گوتار لە پرۆسەی هەڵبژاردندا گوتارێکی جەدەلییە (جەدەلێکی پەسند) پەسند لە ڕوانگەی عەقل و لۆجیک. گوتار لە پرۆسەی هەڵبژاردندا تایبەتمەندیی جولاندن و هاندان و نواندنی هەیە. نێرەر یەک داواکاری و یەک ئامانجی لە وەرگر هەیە. لە هەمان کاتدا پەیامێکی گشتگیرە، ئاڕاستەی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دەکرێت و هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵگاش داواکاری و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بۆیە نێرەر پێویستە ڕەچاوی تایبەتمەندیی ڕەگەزەکانی هەڵبژاردن بکات. ڕەگەزەکانی هەڵبژاردن بریتین لە (نێرەر، وەرگر، بەرنامەی سیاسی، کاندیدی هەڵبژێردراو، ئامانج). پرۆسەی هەڵبژاردن، بریتییە لە ململانێی (گوتار و دژە گوتار) دوو جۆر گوتاری دژ ئاڕاستەی یەک، بونیان هەیە. یەکەم گوتاری باڵا ئەو گوتارەیە کە هەیمەنەی سیاسی و فکری و ڕۆشنبیری بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندووە، جۆرێک لە سەپاوی و ئیستقرای هەیە، بە گوتاری (دەسەڵات) ناسراوە.

جۆری دووەمی گوتار بریتییە لە دژە گوتار، لە بنەرەتدا گوتارێکە دژی ئاڕاستەی گوتاری (باڵا) یە. گوتارێکە دژی هەیمەنەی سیاسی و فکری و ڕۆشنبیری و سەپاوی و ئیستقراری گوتاری باڵایە. بە گوتاری (ئۆپۆزیسیۆن) دەناسرێت. دژە گوتار لە کاتێکدا دروستدەبێت کە گوتارێک هەیمەنە بکات لە گۆڕەپانی گوتاردا، هێزی گوتارەکە بە شێوەیەک هەوڵدەدات مەرج و هەیمەنەی خۆی زاڵ بکات و ببێت بە گوتاری یەکەم. لەو کاتەدا دژە گوتار سەرهەڵدەدات و دروستدەبێت. بە مەبەستی ڕامالینی گوتاری باڵا یان دروستکردنی هاوسەنگی لەگەڵ گوتاری باڵا. (عبدالواسع الحمیري، ٢٠١٤: ١١) لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، لە هەندێک بەکارهێناندا، نێرەر پەنا بۆ گوتاری شکاندنی گوتاری ڕکابەر دەبات، لەم بارەدا پەنا بۆ گوتەی توند دەبات و کردە توندەکان ڕادەپەڕێنێت. لە

هەندێک بەکارهێنانی تردا نێرەر گوتاری شانازیکردن و پیاهەڵدان بەکاردێنێت، لەم بارەدا پەنا بۆ گوتەی نیان دەبات و کردەی نیان ڕادەپەڕێنێت. لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، گریمانەی ئەوە دەکەین گوتاری دەسەڵات، لە زۆربەی بارەکاندا گوتارێکی نیان بێت، زیاتر کردەکانی (شانازیکردن، پاکانەکردن، پیاهەڵدان...) بەکاردێنێت گوتارێکی پارێزەرە. زمان بەکاردێنێ بۆ درێژەدان بە دەسەڵات. لە بەرانبەردا گوتاری ئۆپۆزیسیۆن گوتارێکی هێرشبەر بێت، بۆیە زیاتر کردە توندەکان ڕادەپەڕێنێت لە کردەکانی (تۆمەتبارکردن، بڕیاردان، هەڕەشەکردن...) زمان بەکاردێنێت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

**٢- بەشی دووەم**

ئەم بەشە لایەنی کارەکیی توێژینەوەکەیە، بریتییە لە شیکاریی گوتاری لیستە هەڵبژێردراوەکان و دیاریکردنی کردەی توند و کردەی نیان لە گوتاردا، کردەکان بە شێوەیەکی گشتی بۆ دوو چەمکی توندی و نیانی پۆلێنکراون.

**٢-١ یەکەی شیکردنەوە**

لەم توێژینەوەیەدا، ڕستە نەکراوەتە بنەمایەک بۆ دەستنیشانکردنی کردەقسییەکان هەرچەندە لە ڕێزماندا ڕستە یەکەیەکی سەرەکییە و گەورەترین دانەی زمانە، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە سەربەخۆبێت، بەڵام توێژینەوەکە ئەوە دەسەپێنێ کە، گوتن بکرێتە یەکەی شیکاری. گوتنیش دەشێت لە چەند ڕستەیەک هەندێک جاریش لە تاکە ڕستەیەک تەنانەت لە ڕستەش بچوکتر پێکبێت. بەڵام یەک بیر کۆیان دەکاتەوە، واتا لەسەر بنەمای ڕۆنان یەکەی شیکردنەوەمان دەستنیشاننەکردووە، بەڵکو لەسەر بنەمای واتا، ئەم یەکەیە دیاریکراوە، ئەویش بریتییە لە گوتە.

### ٢-٢ پۆلێنی کردەکان

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی چەمکی (توند و نیان)ە لە گوتاری سیاسی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، هەرچەندە ئەم دوو چەمکە (توند و نیان) دوو چەمکی پێچەوانەی یەکترن، بەڵام دژواتای تەواو نین، و تەنیا ئەم دوو چەمکە هەردوو جەمسەری واتاکەیان نەگرتووە. بەڵکو لە نێوان ئەو دوو چەمکە واتاییەدا پلەبەندی لە نێوانیاندا هەیە. بۆ نموونە (توند، کەمێک توند، زۆرتوندن... زۆرنیان، کەمێک نیان، نیان) لە هەندێک بەکارهێناندا لە ناوەڕاستی هێڵە واتاییەکەدا جیاوازیی نێوانیان ئەوەندە کاڵ دەبێتەوە تەنیا هێڵێکی زۆر باریک لە یەکتریان جیادەکاتەوە. ئەگەر بەهۆی سیاقی گوتنەکە نەبێت ناتوانرێ لەیەکتر جیابکرێنەوە. لەم توێژینەوەیەدا، ئەم وردەکاریی پۆلێنەمان وەرنەگرتووە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی بۆ دوو چەمکی توندی و نیانی پۆلێنکراون. بڕیاردان لەسەر ئەو دەربڕینانەی کە نزیکن لە خاڵی ناوەڕاستی هێڵە واتاییەکە بۆ جیاکردنەوەیان پشتمان بە سیاقی گوتن و سەلیقەی زمانیی خۆمان بەستووە. پێویستە ئەوەش ڕوونبکرێتەوە، کە هەموو ئەو کردانەی کە لەو گوتارانەدا بەکارهاتوون بەسەر یەکێک لەو دوو جەمسەرەی (توندی و نیانی) دابەشکراون.

### ٢ – ٣ شیکردنەوەی کردەکان

لەم توێژینەوەیەدا بۆ شیکاری گوتار پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی کراوە. بەیانی ئاماریی توێژینەوەکەش ژمارەی گوتە و جۆری کردەی قسەیی و تێبینییەکان دیاریکراون بە پێی خشتەیەک کە بە بەرنامەی (Excel) کاری لەسەرکراوە، خشتەکە لە چەند ستوونێک پێکدێت، بەم شێوەیە:

١- ستوونی (ژمارەی گوتن): لەم ستوونەدا ژمارەی ئەو گوتنانەی کە لە گوتارەکە هەن نووسراون، ئەم ستوونە ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەو گوتنانەی کە لە گوتارەکەدا هەن.

٢- ستوونی (کردەی قسەیی): لەم ستوونەدا جۆری کردەی قسەیی لە هەر گوتنێک دەستنیشانکراوە، واتا هەر گوتنێک چ جۆرە کردەیەکی قسەیی ڕاپەڕاندووە جۆری کردەکە دیاریکراوە.

٣-ستوونی (ژمارەی کردە): لەم ستوونەدا ژمارەی ڕاپەڕێندراوی کردەی قسەیی لە هەر گوتنێکدا ژمێردراوە، واتە لە هەر گوتنێکدا چەند کردە ڕاپەڕێندراوە، ژمارەی کردە ڕاپەڕێنراوەکان ئاماژەی پێکراوە. بەشێک لە گوتنەکان زیاتر لە کردەیەک ڕادەپەڕێنن و کەمێکیشیان تەنیا یەک کردە ڕادەپەڕێنن.

٤- ستوونی (چەمکی نیان): لەم ستوونەدا کردە قسەییە نیانەکان دیاریکراون، ئەگەر کردەکە نیان بێت لەم ستوونە دانراوە.

٥- ستوونی (چەمکی توند): لەم ستونەدا کردە قسەییە توندەکان دیاریکراون، ئەگەر کردەکە توند بێت لەم ستوونە دانراوە.

٦- ستوونی (دەربڕینی پەیوەندیدار): لەم ستوونەدا دەربڕینی پەیوەندیدار بە ڕاپەڕاندنی کردەی قسەیی خراوەتەڕوو، واتە هەر دەربڕینێک کە بۆتە هۆی ڕاپەڕاندنی کردەکە ئاماژە بە دەربڕینەکە کراوە. لە هەندێک بەکارهێناندا ئاماژە بە (کۆی گوتەکە) کراوە بە واتای ئەوەدێت لە کۆی گوتەکە تەنیا یەک کردە ڕادەپەڕێنرێت، لە هەندێک باری تردا پەیڕەوی بنەمای دانانی سێ خاڵی (...) کراوە بە دانانی لە پێش دەربڕینی پەیوەندیدار یان لە نێوان دوو دەربڕینی پەیوەندیداردا لە هەندێکی تریاندا

له کۆتاییی دەربڕیندا دانراوە، بە واتای ئەوەدێت کە دەربڕینی پەیوەندیدار پەیوەندی بەپێش خۆی یان دوای خۆیەوە هەیە، یاخود تەواوکەرییە.

٧- ستوونی (تێبینی): لەم ستوونەدا هەر تێبینییەک هەبێت لەسەر کردە قسییەکە بە خاڵ ئاماژەی پێکراوە دواتر لە (ڕوونکردنەوەی تێبینییەکان) ڕوونکراوەتەوە.

## ٢ – ٤ کۆمەڵگەی ئاماری

لەم توێژینەوەیەدا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی کوردستان بە نموونە وەرگیراوە، بە مەستی زانین و دەستنیشانکردنی ئاستی ڕێژەی بەکارهێنانی کردەی توند و نیان لە گوتاری پارتی سیاسیی کوردیدا. لە بەرانبەر یەکتری لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا. هەروەها دیاریکردنی ئاستی جێگیری و ناجیگیریی ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم دوو کردەیە لە بەرانبەر یەکتریدا. لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٩)دا، چەند قەوارەیەکی سیاسی بەشداری ململانێی هەڵبژاردنەکان بوون بۆ ئەم توێژینەوەیە تەنیا لیستی کوردستانی و لیستی گۆڕان بە نموونەی شیکاری وەرگیراون لەبەر ئەوەی ئاستی ڕکابەری لە نێوان ئەم دوو لیستەدا بەهێز بوو، هەروەها سەرەتای دروستبوونی هێزی ئۆپۆزیسیۆن بوو لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا. لیستی ژمارە (٥٤)ی کوردستانی، لە بەیەکەوە بەشداریکردنی هەردوو پارتی سیاسی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان) پێکهاتبوو. بە لیستی دەسەڵات ناودەبرا. لیستی (٥٧)ی، گۆڕان لە لایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوە پێکهێنرابوو، لیستی گۆڕان لە ساڵی ٢٠٠٩ دروستبوو، یەکەم بەشداریکردنیان بوو لە هەڵبژاردندا. بزوتنەوەی گۆڕان بە جیا و لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنی کرد، خۆیان بەهێزی ڕکابەری دەسەڵات و داهێنەری ئۆپۆزیسیۆن دەناساند.

## ٢ – ٥ هەڵبژاردنی نموونە

لەم توێژینەوەیەدا، گوتاری کەسی یەکەمی قەوارەی سیاسی بە نموونەی شیکاری وەرگیراوە. لەبەرئەوەی کەسی یەکەم گوزارشتی ڕاستەوخۆ لە سیاسەتی لیستەکە دەکات. لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا نێرەری سیاسی کۆمەڵێک گوتاری لە شوێنی جیاواز و لە کاتی جیاواز ئاڕاستەی وەرگران کردووە، لەم توێژینەوەیەدا تەنیا گوتاری جەماوەری بە نموونەی شیکاری وەرگیراون. لەبەرئەوەی پێکهاتەی جەماوەری وەرگرێکی گشتییە لە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا پێکدێت بە جیاوازی (چینایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری، ڕەگەز، ئاین...).

## ٢ – ٦ شیکاری گوتاری لیستی کوردستانی

شیکاری گوتاری لیستی کوردستانی، لەبەیەکەوە بەشداریکردنی هەر دوو پارتی سیاسی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان) پێکهات بوو، بە (لیستی دەسەڵات) دەناسرا. گوتاری دەسپێکی هەڵبژاردن بە نموونە وەرگیراوە لە کۆبونەوەیەکی جەماری لە شاری هەولێردا، تیایدا کەسی یەکەمی هەر دوو پارتی سیاسی بەشداربوون و هەریەکەیان بە جیا گوتاری پێشکەشی جەماوەر کرد. گوتاری یەکەم لە لایەن (جەلال عیسامەدین تاڵەبانی) پێشکەشکرا. لە خشتەی ژمارە (١) کردەی قسەیی و جۆری کردەی قسەیی و چەمکی توند و نیان دیاریکراوە. گوتاری دووەم لەلایەن (مەسعود مستەفا بارزانی) پێشکەشکرا، لە خشتەی ژمارە (٢) کردە قسەییەکان و جۆری کردەکان و چەمکی توندی و نیانی خراونەتەڕوو. بە مەبەستی دیاریکردنی ژمارە و ڕێژەی سەدیی چەمکی کردەکان لە گوتاری (یەکەم و دووەم) بە جیا لەیەکتری لە خشتەی ژمارە (٣)دا، خراونەتەڕو، لە چارتی ژمارە (١)دا ڕێژەکە خراوەتەڕوو. پاشان بۆ دیاریکردنی ڕێژەی چەمکی کردەی (توند و نیان) لە لیستی کوردستانی، بە کۆکردنەوەی سەرجەم چەمکی کردەی

(توند و نیان) لە هەر دوو قەوارەی سیاسی، ڕێژەی چەمکی کردەی (توند و نیان) لە لیستی کوردستانی پێکدێنن. لە خشتەی (٣-١) و چارتی (١-١) خراوەتەڕوو.

## گوتاری یەکەم – گوتاری یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان

| ژمارەی گوتن | کردەی قسەیی | ژمارەی کردە | چەمکی نیانی | چەمکی توندی | دەربڕینی پەیوەندار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سلاوکردن | 1 | نیان | | سلاوی... | |
| | بەرپرسیاریەتی | 2 | نیان | | ... رونبکەمەوە... | |
| | خۆنیشاندان | | نیان | | بە وەفاین بۆ سەرەتاکانی... | 1 |
| 3 | خۆبەراوردکردن | 2 | نیان | | ڕەئیان دەربڕن بەپێچەوانەوە... | 2 |
| | بەمەزنگردنی بەرامبەر | | نیان | | پێمان شایستە دەبینن... | |
| 4 | دیاریکردن | 2 | نیان | | دەبپالێوین | |
| | پیاهەڵدان | | نیان | | ...بەبێ موجامەلە... | |
| 5 | دڵنیایی | 2 | نیان | | دڵنیام هەموتان... | |
| | بەڵێندان | | نیان | | دڵنیام هەمومان... | |
| 6 | یەقین بون | 2 | نیان | | لام وایە... | 3 |
| | خۆنیشاندان | | نیان | | ....بەشەرەفمان زانی... | 4 |
| 7 | پیاهەڵدان | 1 | نیان | | ڕاگرتوە...نەیانتوانیوە... هەڵکەنن.. | |
| 8 | داواکاری | 1 | نیان | | بانگەوازی داواکردنی... | |
| 9 | شانازیکردن | 1 | نیان | | توانرا ئەم ڕۆژە بێتەدی | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 10 | شانازیکردن | 1 | نیان | | ... مێژویی گرنگە... | |
| 11 | شانازیکردن | 1 | نیان | | ... بەدەست بهێنین | |
| 12 | گلەییکردن | 4 | نیان | | ... فەرمون چاوبخشێن... | |
| | شانازیکردن | | نیان | | ...چ پێشکەوتنێک... | |
| | گلەییکردن | | | توند | ...پەیڕەوی ڕەوشتەکانی ناکەن | |
| | سوککردن | | | توند | پەتەکە دەپسێنن | 5 |
| 13 | شانازیکردن | 3 | نیان | | بچەسپێنرێت و داخل بکرێت | |
| | داواکاری | | نیان | | ... واجیبیەتی... | |
| | سوککردن | | | توند | ... فیشاڵ و بێسەروبەر | |
| 14 | دانپێدانان | 1 | نیان | | ... پێتان دەڵێم... | |
| 15 | داواکاری | 1 | نیان | | ... نەتوانراوە و ناشتوانرێت... | 6 |
| 16 | بەڵێندان | 1 | نیان | | ... دڵنیا دەکەمەوە... | |
| 17 | بەڵێندان | 1 | نیان | | ... کۆنگرە دەبەستێ | 7 |
| 18 | بەڵێندان | 1 | نیان | | ... زیاتر لە جاران... | |
| 19 | دڵنیاکردنەوە | 1 | نیان | | ... لیستی کوردستانیەوە دێتەدی | |
| 20 | خۆنیشاندان | 2 | نیان | | ... لەخۆم رادەبینم.. | |
| | داواکاری | | نیان | | داوا لە کۆمەڵانی... | |
| 21 | سڵاوکردن | 1 | نیان | | سڵاوێکی بۆنی ... | |
| | هیواخواستن | 1 | نیان | | ... شاد دەبن | |
| 22 | هیواخواستن | 1 | نیان | | ... نموونەیەکی تر... | |
| | کۆی گشتی | ٣٤ | 31 | 3 | | |

خشتەی ژمارە (١)

چەمکی توند و نیان لە گوتاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

ڕوونکردنەوەی تێبینیەکان لە گوتاری تاڵەبانیدا

١. لەم جۆرە گوتانەدا دوو جۆر بەکارهێنان و لێکدانەوەی زمانی هەیە، بەکارهێنانی زمانی بۆ درێژەدان بە دەسەڵات و بەکارهێنانی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. لە یەکەمیاندا لێکەوتەیەکی ئەرێنی (Positive) لێکدەدرێتەوە بۆ درێژەدان بە دەسەڵات بەکاردێت، نیرەری ئەم جۆرەکردەیە نواندن و ئامادەیی خۆی نیشاندەدات. لە دووەمیان شیکارێکی ڕەخنەگرانەکە و لێکەوتەیەکی توندە (Negative) ڕکابەرەکانی لە دژی بەکاریدێنن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.
٢. نێرەر لەگوتنی (...ڕەئیان دەربڕن، بە پێچەوانەوە...) کردەی خۆبەراوردکردن ڕادەپەڕێنێت و مەدلولێکی شانازیکردنی خودی تیادایە.
٣. زاراوەی (یەقین) لە ئەدەبی سۆفیگەری بە واتای نەمانی گومان دێت. لە کاتی بەستنەوەی گوتەکە بە گوتەی پێش خۆی و دوای خۆی زاراوەی (لام وایە) مەدلولی یەقینبوون دەدات.
٤. کردەی خۆنیشاندان بە شاراوەیی مەدلولی شانازیکردن دەدات.
٥. نێرەر لە کاتێک دەڵێت (هەندێکیشیان پەتەکە دەپسێنن) توندیی کردەکە لە بەکارهینانی وشەی (پەتەکە) دایە، لەبەرئەوەی بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، نەک بۆ مرۆڤ، بەرزترین ئاستی توندی نیشاندەدات. دواتر لە بەکارهێنانەکاندا نێرەر پەیامەکان ئاڕاستەی لیستی ڕکابەرەکانی ناکات، بەڵکو ئاڕاستەی کەسەکان دەکات، و جیاوازیش دەخاتە نێوانیان لە بەکارهێنانی ڕادەی (هەندێکیشیان) ڕووندەبێتەوە.

- نێرەر لە کاتێک دەڵێت (نەیتوانیوە و ناشتوانێت) لەم بەکارهێنانەدا داوای دانبەخۆداگرتن یان پێدانی کاتی زیاتر لە جەماوەر دەکات.
- لە کاتی بەستنەوەی بە سیاق ئەوە ڕووندەبێتەوە کە نێرەر بەڵێنی بەستنی کۆنگرە بە جەماوەی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دەدات.

گوتاری دووەم: گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان

| ژمارەی گوتن | کردەی قسەیی | ژمارەی کردە | چەمکی نیانی | چەمکی توندی | دەربڕینی پەیوەندار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پیرۆزبایی | 1 | نیان | | پیرۆزبایی | |
| 2 | سوپاسکردن | 1 | نیان | | سوپاسی | |
| 3 | جەختکردنەوە | 4 | نیان | | بەڵێ لیستی کوردستانە | |
| | سوپاسکردن | | نیان | | سوپاسێکی گەرم... | |
| | گلەییکردن | | | توند | کەدوژمنان و ناحەزان...جێدەهیلن | |
| | پیاهەڵدان | | | توند | خۆشەویست ... وەلامێکی بەهێزتان.... | |
| 4 | داواکاری | 1 | نیان | | ئێوە ... هەست بە... | |
| 5 | نیازپاکی نیشاندان | 2 | نیان | | ئیمرۆش ... دەزانین... | |
| | داواکاری | | نیان | | بارۆژی ٢٥ ی تەموز... | |
| 6 | بێبایەخکردن | 1 | | توند | ئیستفزازنەبن.... | 1 |
| 7 | پەیماندان | 2 | نیان | | پەیمانمان داوە... | |
| | جەختکردنەوە | 3 | نیان | | دوپاتی دەکەینەوە... | |
| | نیازپاکی نیشاندان | | نیان | | ئێمە ئامادەین | |
| 8 | پێڕاگەیاندن | 2 | نیان | | داوامان کردوە لە... | |
| | بەهانەبرین | | | توند | مەجالی ئەوەی نەمێنێت ... | |
| 9 | پێڕاگەیاندن | 1 | نیان | | لە بیرتان نەچێت... | |
| 10 | داواکاری | 1 | نیان | | نوێکردنەوەی پەیمان... | |
| 11 | بەڵێندان | 1 | نیان | | من وەک...لیستی کوردستانی دەدەم | |
| 12 | شانازیکردن | 2 | نیان | | سەربەرزین | |
| | بێبایەخکردن | | | توند | بابۆخۆیان هەربلێن | |
| 13 | سوپاسکردن | 2 | نیان | | سوپاس بۆ ... | |
| | پابەندبون | | نیان | | ئێمە پابەندی... | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 14 | شانازیکردن | 2 | نیان | | بەشانازیەوە... | |
| | سوپاسکردن | | نیان | | سوپاسێکی زۆریشەوە... | |
| 15 | دوعاکردن | 1 | نیان | | ئینشائلا... | |
| 16 | سوپاسکردن | 1 | نیان | | سوپاستان دەکەم | |
| | کۆی گشتی | ٢٨ | ٢٣ | ٥ | | |

خشتەی ژمارە (٢)

چەمکی توند و نیان لە گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان

رونکردنەوەی تێبینییەکان

١. لە کاتێکدا نێرەر دەڵێت (ئێوە زۆر بەرزترین) مۆرفیمی (ین) وا لە گوتەکە دەکات دوو خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەجۆرێک کە:


٢. نێرەر ڕاناوی سەربەخۆی (ئێوە) بۆ کەسی دووەمی کۆ بەکاردێنێ، بەڵام ڕاناوی ڕێکەوتن بریتییە لە ڕاناوی (ین) بۆ کەسی یەکەمی کۆ، مەدلولی ئەوە دەدات کە نێرەر مەبەستی بێت بڵێت کە (ئێمە و ئێوە) لە ئەوان بەرزترین.

٣. نێرەر لە فرێزی ئاوەڵناوی (زۆر بەرزترین) تەنها ئاوەڵناو لە پلەی باڵای بەکارهێنابێت، ڕێزمانی ڕۆنانی گوتار ڕێگە بە هەردوو بەکارهێنانەکە دەدات، ئاستی توندیی گوتەکە لە هەردوو بەکارهێنانەکەدا لە بەرزترین ئاستدایە.

| پارتی سیاسی | چەمکی کردەی نیانی | چەمکی کردەی توند | کۆی کردە | ڕێژەی سەی چەمکی کردەی نیانی | ڕێژەی سەدە چەمکی کردەی توندی |
|---|---|---|---|---|---|
| گوتاری یەکەم | ٣١ | ٣ | ٣٤ | ٩١٪ | ٩٪ |
| گوتاری دوەم | ٢٣ | ٥ | ٢٨ | ٨٢٪ | ١٨٪ |

خشتەی ژمارە (٣)

دیاریکردنی ڕێژەی سەدی وژمارەی چەمکی کردەکان لە گوتاری (یەکەم و دوەم) بەجیا لەیەکتر




چارتی ژمارە (١)

خستنەڕوی ڕێژەی سەدی  چەمکی کردەکان لە گوتاری (یەکەم و دوەم)


بەجیا لەیەکتر

خشتەی ژمارە (٣-١)

دیاریکردنی ڕێژەی سەدی و ژمارەی چەمکی توندی و نیانی

لە لیستی کوردستانیدا

| پارتی سیاسی | چەمکی  کردەی نیانی | چەمکی  کردەی توند | کۆی کردە | ڕێژەی سەی چەمکی کردەی نیانی | ڕێژەی سەدە چەمکی کردەی  توندی |
|---|---|---|---|---|---|
| گوتاری یەکەم | ٣١ | ٣ | ٣٤ | ٩١٪ | ٩٪ |
| گوتاری دوەم | ٢٣ | ٥ | ٢٨ | ٨٢٪ | ١٨٪ |
| لیستی کوردستانی | 54 | 8 | 62 | 87% | 13% |




چارتی ژمارە (١-١)

خستنەڕوی تێکرای دیاریکردنی ڕێژەی سەدی چەمکی توندی و نیانی

لە لیستی کوردستانیدا

**خستنەڕوو**

١. یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان: بە ڕێژەی (٩١%) چەمکی کردەی نیان بە (٣١) کردە و بە ڕێژەی (٩ %) چەمکی کردەی توندی بە (٣) کردە ڕاپەڕاندووە.

٢. پارتی دیموکراتی کوردستان: بە ڕێژەی (٨٢ %) چەمکی کردەی نیان بە (٢٣) کردە و بە ڕێژەی (١٨%) چەمکی کردەی توند بە (٥) کردە ڕاپەڕاندووە.

٣. لیستی کوردستان: بە ڕێژەی (٨٧%) چەمکی کردەی نیان بە کۆی (٥٤) کردە و بە ڕێژەی (١٣%) چەمکی کردەی توند بە کۆی (٨) کردە ڕاپەڕاندووە.

## ٢ – ٧ شیکاری گوتاری لیستی گۆڕان

لیستی ژمارە (٥٧)ی، بزوتنەوەی گۆڕان. گوتاری ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەکە، بە نموونە وەرگیراوە، گوتارێکی تەلەفیزیۆنی بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی جەماوەری کردبوو. لە خشتەی ژمارە (٤) کردەی قسەیی چەمکی توندی و نیانی دیاریکراو، لە خشتەی ژمارە (٥) ڕێژەی سەدی و ژمارەی چەمکی توند و نیان دیاریکراوە، لە چارتی ژمارە (٢) خراوەتەڕوو.


| ژمارەی گوتن | کردەی قسەیی | ژمارەی کردە | چەمکی نیانی | چەمکی توندی | دەربڕینی پەیوەندیدار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هوشیارکردنەوە | 1 | نیان | | ...قۆناغێکی زۆرهەستیار... | |
| 2 | ئاگادارکردنەوە | 1 | نیان | | ...بیری تەواوی لەنرخی دەگی خۆی... | |
| 3 | پێڕاگەیاندن | 1 | نیان | | جارێکی کەش هەندێک... | |
| 4 | بڕیاردان | 2 | نیان | | ئیشکردنی ڕاستەوخۆ...ببینە بزوتنەوەیەکی... | |
| | ناساندن | | نیان | | زۆر مەبەستمانە... | |
| 5 | بەڵێندان | 3 | نیان | | گرێدانەوەی سیاسەتە بەخەڵک... | |
| | بەڵێندان | | | توند | هەڵەی هێزەکانی تر دوبارە نەکەینەوە... | |
| | بەڵێندان | | | توند | ئامانجی سەرەکیمان کارێک بکەن... | |
| 6 | بڕیاردان | 3 | نیان | | ئەمانەویۆئیشیجدی دەکەین...بزوتنەوەیەکی... | |
| | بەڵێندان | | | توند | ئیشی جدی دەکەین بۆ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ديموكراتيزەكردنی... | |
| | ناساندن | | | توند | لێرەوە لابردنی زوڵم... | |
| 7 | ناساندن | 1 | | توند | ئیمە نەهاتوین تەنیا ... | |
| 8 | گلەیکردن | 3 | | توند | هۆی ئەو<br>سیاسەتە...لەکوردستان<br>ڕەنجاوە... | |
| | شانازیکردن | | نیان | | ئەو نیشتیمانە...لەپێناو داوە | |
| | ڕونکردنەوە | | | توند | تەنیا لە ڕێگەی گۆڕینی... | |
| 9 | ناساندن | 1 | | توند | دروشمی سەرەکی ئێمە... | |
| 10 | ناساندن | 2 | | توند | ...خاڵی سەرەکی بەرنامەکەیە... | |
| | بەڵێندان | | | توند | لەپەرلەمانا هەوڵدەدەین... | |
| 11 | تانەلێدان | 1 | | توند | ئێستا ئەبینن...بۆخەڵەتاندنی... | |
| 12 | بەڵێندان | 1 | | توند | ئێمە لە پەرلەمان هەوڵدەدەین... | |
| 13 | بەڵێندان | 1 | | توند | ...بەڵێن بە جەماوەری... | |
| 14 | ڕونکردنەوە | 1 | | توند | ئێمە پێمان وایە... | |
| 15 | بەڵێندان | 2 | | توند | کار بۆ ئەوە ئەکەین... | |
| | جەختکردنەو<br>ە | | | توند | زۆرجەخت لەوە ئەکەینەوە... | |
| 16 | بەڵێندان | 2 | | توند | ئەمانەوێ و پێمان ئەکرێ ... | |
| | ڕونکردنەوە | | | توند | لێرەوە بەهێز کردنی... | |
| 17 | ناساندن | 1 | | توند | بۆیە بزوتنەوەی گۆڕان... | |
| 18 | جەختکردنەو<br>ە | 1 | | توند | ئێمە قورسایی... ئەخەینەسەر... | |
| 19 | هوشیارکرد<br>نەوە | 1 | | توند | ...ئێمە هەست دەکەین... | |
| 21 | هوشیارکرد<br>نەوە | 1 | | توند | بۆیە گەلی خۆمان وشیار... | |
| 22 | بەڵێندان | 1 | | توند | ...ئێمە هەوڵی گەورە ئەدەین... | |
| 23 | بەڵێندان | 1 | | توند | ...هەوڵئەدەین ئەخلاق بۆ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | سیاسەت... | |
| 24 | داواکاری | 1 | | توند | ...داوا لە خەڵک ئەکەم... | |
| 25 | هوشیارکردن<br>ەوە | 2 | | توند | ئەوەیان بیر ئەخەمەوە... | |
| | داواکاری | | نیان | | داواشم ئەوەیە... | |
| 26 | هوشیارکردن<br>ەوە | 1 | نیان | | ...پێکەوە هیوایەک... | |
| 27 | بەنرخدانان | 3 | نیان | | ...لای ئێوەی دەنگدەرە... | |
| | بەڵێندان | | نیان | | ئیمە ریزی ئەگرین | |
| | هەڕەشە | | | توند | هەرگیز قبولیشی ناکەین... | |
| 28 | بەڵێندان | 1 | نیان | | ئەو ڕاستیەش بۆ خەڵک دوبارە ئەکەمەوە... | |
| 29 | هیواخواستن | 1 | نیان | | ئومێدەوارین... | |
| | کۆی گشتی | ٤١ | ١٤ | ٢٧ | | |

خشتەی ژمارە (٥)

نیشاندانی چەمکی توندی و نیانی لە گوتاری بزوتنەوەی گۆڕاندا




چارتی ژمارە (٢)
ڕێژەی سەدی چەمکی توندی و نیانی لە گوتاری
بزوتنەوەی گۆڕاندا

خشتەی ژمارە (٤)

چەمکی توندی و نیانی لە گوتاری بزوتنەوەی گۆڕاندا

| پارتي سياسي | چەمکي نيان | چەمکي توند | کۆی کردە | ڕێژەی سەدی کردەی نیان | ڕێژەی سەدی کردەی توند |
|---|---|---|---|---|---|
| بزوتنەوەی گۆران | ١٤ | ٢٧ | ٤١ | ٣٤٪ | ٦٦٪ |

## ٢– ٨ بەراوردکردن

بە مەبەستی بەراوردکردنی ڕێژەی بەکارهێنانی چەمکی کردەی (توند و نیان) لە نێوان گوتاری سیاسیی قەوارە سیاسییەکان بە جیا و گوتاری لیستی (کوردستانی) و گوتاری لیستی (گۆڕان) بە جیا. کارەکە بەم شێوەیە کراوە، سەرەتا تێکڕای چەمکی کردەی (توند و نیان) بە ڕێگای دۆزینەوەی کۆلکەی هاوبەش بەراوردی ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم دوو چەمکە کراوە لە نێوان گوتاری قەوارە سیاسییەکان و گوتاری لیستی کوردستانی و گوتاری لیستی گۆڕان. لە خشتەی ژمارە (٦) تێکڕای بەراوردی نێوان قەوارە سیاسییەکان کراوە لە چارتی ژمارە (٣) تێکڕای بەراوردەکە خراوەتەڕوو، دواتر لە خشتەی ژمارە (٧) تێکڕای بەراوردی نێوان گوتاری لیستی کوردستانی و لیستی گۆڕان کراوە، لە چارتی ژمارە (٤) نیشاندراوە.

| قەواری سیاسی | ڕێژەی چەمکی کردەی نیان | ڕێژەی چەمکی کردەی توند | ڕێژەی سەدی چەمکی کردەی نیان | | ڕێژەی سەدی چەمکی کردەی توند |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکێتی | ٣١ | ٣ | ٠.٤٥٥٨٨٢٣٥٣ | ٤٦٪ | ٩٪ |
| پارتی | ٢٣ | ٥ | ٠.٣٣٨٢٣٥٢٩٤ | ٣٤٪ | ١٤٪ |
| گۆڕان | ١٤ | ٢٧ | ٠.٢٠٥٨٨٢٣٥٣ | ٢١٪ | ٧٧٪ |
| کۆی گشتی | ٦٨ | ٣٥ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٦)

تێکڕای بەراوردی چەمکی کردەی توند و نیان لە نێوان قەوارە سیاسییەکان





چارتی ژمارە (٣)

نیشاندانی تێکرای بەراوردی نێوان قەوارە سیاسیەکان

| ليستي سياسي | چەمكي كردەي نيان | چەمكي كردەي توند | ريژەي سەدي چەمكي كردەي نيان | ريژەي سەدي چەمكي كردەي توند |
|---|---|---|---|---|
| ليستي كوردستاني | ٥٤ | ٨ | ٧٩٪ | ٢٢٪ |
| ليستي گۆران | ١٤ | ٢٧ | ٢١٪ | ٧٧٪ |
| كۆي گشتي كردەكان | ٦٨ | ٣٥ | ١٠٠٪ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٧)

تێکرای بەراوردی بەکارهێنانی چەمکی کردەی توندوو نیان لە نێوان گوتاری لیستی کوردستانی و لیستی گۆڕان




چارتی ژمارە (٤)

خستنەڕوی تێکڕای بەراوردی ڕێژەی سەدی چەمکی کردەی توند و نیان

لە گوتاری لیستی کوردستانی و گوتاری لیستی گۆڕاندا

**خستنەڕوو**

یەکەم: لە تێکڕای بەراوردیی نێوان قەوارە سیاسییەکاندا

١ ــ لە قەوارەی گوتاری یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا بە ڕێژەی (٤٦%) بە (٣١) کردە چەمکی نیان و بە ڕیژەی (٩%) بە (٣) کردە چەمکی توندیی ڕاپەڕاندووە، لە گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بە ڕیژەی (٣٤%) بە (٢٣) کردە چەکی کردەی نیان و بە ڕیژەی (١٤%) بە (٥) کردە چەمکی کردەی توندی ڕاپەڕاندووە، لە گوتاری بزوتنەوەی گۆڕاندا بەڕێژەی (٢١%) بە (١٤) کردە چەمکی نیان و بە ڕێژەی (٧٧ %) بە (٢٧) کردە چەمکی توندی ڕاپەڕاندووە.

دووەم: لە تێکڕای بەراوردیی نێوان لیستە سیاسییەکاندا

١ - لیستی کوردستانی: بە ڕێژەی (%٧٩) چەمکی کردەی نیان بە کۆی (٥٤) کردە و بە ڕێژەی (٢٣ %) چەمکی کردەی توند بە کۆی (٨) کردە ڕاپەڕاندووە.

١ - لیستی گۆڕان: بە ڕێژەی (٢١ %) چەمکی کردەی نیان بە کۆی (١٤) کردە و بە ڕێژەی (%٧٧) چەمکی کردەی توند بە کۆی (٢٧) کردە ڕاپەڕاندووە.

**گفتوگۆ**

گوتار لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، گوتاری ململانێیە، لە نێوان هێزی گوتاری هەیمەنەکراو (باڵا) لەگەڵ دژە گوتاردا. درێژەپێدەری شەڕی سیاسییە، شەڕی بردنەوەی دەسەڵاتە، بۆیە ئاسایییە گوتارێکی توند بێت، هەرچەندە ڕێژەی بەکارهێنانی کردەی توند و نیان بەپێی سیستەمی سیاسیی جۆری کۆمەڵگا و وەرگر و ڕووداوی سیاسی گۆڕانی بەسەردادێت. گوتاری سیاسیی کوردی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا گوتارێکی نیانە، ڕێژەی بەکارهێنانی کردە نیانەکان زۆرترە بە بەراورد بە کردە توندەکان. لە کوردستاندا، گوتاری هێزی ئۆپۆزیسیۆن توندترە بە بەراورد لەگەڵ گوتاری هێزی دەسەڵات، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گوتاری ئۆپۆزسیۆن گوتارێکی ڕەخنەگرانەیە، گوتارێکی هێرشبەرە، بەڵام گوتاری دەسەڵات زیاتر گوتارێکی پارێزبەندە.

**ئەنجام**

١. لە زماندا توندی و نیانی دوو چەمکی واتایین. چوارچێوەی بەکارهێنانیان لە سنووری سیمانتیک و پڕاگماتیکدایە. واتای توندی یان نیانی، لە ڕستەی سیمانتیکدا ڕاستەوخۆ و ڕوونە، بارێکی توند یان نیان ڕادەگەیەنێ. لە پڕاگماتیکدا گوتەکان مەدلولێکی توند یان نیانیان لێدەکەوێتەوە و کردەیەکی توند یان نیان ڕادەپەڕێنن. سیاقی بەکارهێنانی گوتەکان خاڵی جیاکەرەوە و یەکلاکەرەوەیە لە نێوان دیاریکردنی کردەی توند و نیاندا. لە هەندێک بەکارهێناندا، بە تایبەت لەو گوتارانەی کە گوتاری جەدەلین وەک گوتاری سیاسی و گوتاری هەڵبژاردن، بڕیاردان لەسەر توندی و نیانیی گوتەکان یان ڕستەکان، ڕێژەییە و پەیوەستە بە بڕیاری وەرگر.

٢. لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٩)دا: لە گوتاری قەوارەی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بە ڕێژەی (٩١%) لە چەمکی نیانی بە (٣١) کردە و بە ڕێژەی (٩%) چەمکی توندی بە (٣) کردە ڕاپەڕاندبوو. لە گوتاری قەوارەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕێژەی (٨٢ %) بە (٢٣) کردە چەمکی نیانی و بە ڕێژەی (٨%) بە (٥) کردە چەمکی توندی ڕاپەڕاندبوو. لە گوتاری قەوارەی بزوتنەوەی گۆڕان بەڕێژەی (٦٦%) بە (٢٧) کردە چەمکی کردەی توندی ڕاپەڕاندبوو، بە ڕێژەی (٣٤%) بە (١٤) کردە چەمکی نیانی ڕاپەڕاندبوو. پاشان لە تێکڕای بەراوردی نێوان قەوارە سیاسییەکاندا، لە گوتاری یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا بە ڕێژەی (٤٦%) بە (٣١) کردە چەمکی نیان و بە ڕیژەی (٩%) بە (٣) کردە چەمکی توندی ڕاپەڕاندووە، لە گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بە ڕیژەی (٣٤%) بە (٢٣) کردە چەمکی کردەی نیان و بە ڕیژەی (١٤%) بە (٥) کردە چەمکی کردەی توندی ڕاپەڕاندووە، لە گوتاری بزوتنەوەی گۆڕاندا بە ڕێژەی (٢١%)

به (١٤) کردە چەمکی نیان و بە ڕێژەی (٧٧%) بە (٢٧) کردە چەمکی توندی ڕاپەڕاندووە.

٣. لە بەراوردی نێوان گوتاری لیستی کوردستانی و گوتاری لیستی گۆڕاندا. لە گوتاری لیستی کوردستانیدا، بە ڕێژەی (٧٩%) بە (٥٤) کردە چەمکی نیانی و بە ڕیژەی (٢٣%) بە (٨) کردە چەمکی توندی ڕاپەڕاندووە. لە گوتاری لیستی گۆڕاندا بە ڕێژەی (٧٧ %) بە (٢٧) کردە چەمکی توندی و بە ڕیژەی (٢١%) بە (١٤) کردە چەمکی نیانی ڕاپەڕاندووە.

٤. بەپێی داتاکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گوتاری هێزی ئۆپۆزیسیۆن توندتر بووە بە بەراورد بە گوتاری هێزی دەسەڵات. لەناو گوتاری دەسەڵاتیشدا لە نێوان گوتاری (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان) گوتاری (پارتی دیموکراتی کوردستان) توندتر بووە لە گوتاری یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان.

## پەراوێزەکان

[1] ڕەچەڵەکی وشەی Violence دەگەڕێتەوە بۆ وشەی Vtality لاتینی داڕێژراوە لە وشەی Vis واتا هێزی فیزیکی هەستپێکراوی بەکارهاتوو دژی مرۆڤێک یان هەر شتێک. لە ڕووی مێژووییەوە وشەی توندی پەیوەندی هەیە بە توندی سروشت و خواوەندەکان (سوسیولوجیا العنف والارهاب: ابرایم حیدری : ٢٠١٥: ١٩).

[2] زاراوەی ناتوندوتیژی (Non violence) بۆ بەکاردێت مەهاتا گاندی پێشکەشی بە ڕۆژئاوا کرد. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ناتوندوتیژی سەیری (فەرهەنگی ناتوندوتیژی: جان ماری مولێر: وەرگێرانی: عمر عەلی) بکە.

٣ حەقیقەت (real) بە واتای سەربەخۆ بێت و مرۆڤ نەتوانێ دەستکاری بکات. جیاوازە لەگەڵ واقیع (Reality) مرۆڤ بۆخۆی دروستکەریەتی بە مەبەستی شاردنەوەی حەقیقەت (جان جاک لوسرکل،٢٠٠٥: ٩٠ دواتر).

**لیستی سەرچاوەکان**


١- اوستن، ١٩٩١، كيف ننجز اشيأ بالكلام، ترجمة، عبدالقادر قينيني، أفريقيا الشرق.

٢- ايزابيلا فيركلاو، نورمان فيركلاو، ٢٠١٦ تحليل الخطاب السياسى، ترجمة، عبدالفتاح عمورة، دار الفرقد، سوريا.

ابراهيم الحيدرى، ٢٠١٥ سوسيولوجيا العنف والارهاب، طبعة الاولى، دار الساقى، بيروت

٤- ثروت مرسى، ٢٠١٨ فى التداوليات الستدلالية، طبعة الاولى، دار الكنوز، عمان.

٥- جان جاك لوسركل، ٢٠٠٥ عنف اللغة، ترجمة، محمد بدوى، طبعة الاولى،منطمة العربية للترجمة، لبنان.

خليل، ابراهيم، ٢٠١٠ مدخل الى العلم اللغة، طبعة الاولى، دار المسيرة، عمان.

٧- الزواوى بغورة، ٢٠١٥، الخطاب البحث فى البنيتة و علاقاته عند ميشيل فوكو، طبعة الاولى، مكتب لبنان الناشيرون، لبنان.

٨- سرهەنگ حميد صالح البرزنجى، ٢٠٠١، أنتخابات اقليم كردستان العراق بين النظرية والتطبيق، رسالة الماجستير، كلية القانون، جامعة صلاحدين.

٩- کاکل، قيس توفيق،١٩٩٥ جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردەی قسەیی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

١٠- لطف الله يارمحمدى، ١٣٨٢ گفتمان شناسى كاربردى، أنتشارات همشرى، تهران.

١١- محمد خطابى, ليسانيات النص، ٢٠٠٦ الطبعة الثانية, المركز الثقافى العربى, المغرب.

١٢- معروف، محمد فتاح، ٢٠١٠ لیکۆلینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، شێروان حسێن، شێروان میرزا، دەزگای موکریان، هەولێر.

١٣_ عبدالطيف عادل، ٢٠١٧ الحجاج فى الخطاب، مقاربات التطبيقية، طبعة الاولى، موئسسة افاق، مراكش.

١٤- عبدالواسع الحميري، ٢٠١٤ خطاب الضد، مفهومه،نشأته، الياته،مجال عمله ، طبعة الاولى، مؤسسة المجد،لبنان.
١٥- مادى، جان مولێر، ٢٠١٣ فەرهەنگى ناتوندوو تيژى، وەرگێرانى لە عەرەبيەوە عمر عەلى غەفور، چاپخانەى ئاراس، هەولێر.

**ملخص البحث**

فضلا عن المقدمة والخاتمة فالبحث يتكون من فصلين اثنين ، الفصل الأول متعلق بالجانب النظري ، ويحتضن مبحثين ، في المبحث الأول تطرق الباحث الى مصطلح (التشديد والليونة ) وذلك على مستوى اللغة وتحديد الملامح الدلالية ودرجة المعنى للمصطلحين ،وخصص المبحث الثاني للحديث عن نظرية الفعل الكلامي وتحديد الفعل النشديدى والليونى في نظرية الفعل الكلامي ،والحديث عن الخطاب ، والخطاب السياسي ، والخطاب الانتخابي .

الفصل الثاني :الجانب التطبيقي للبحث ،وتحديد فعل (التشديد والليونة)في خطاب القوائم الانتخابية ، وخصص لتحليل القائمة الكوردستانية وتحليل خطاب قائمة حركة التغيير ،وفي النهاية الخاتمة وقائمة المصادر والمراجع وملخص البحث باللغتين العربية والانجليزية.

## The Content of the Research

Apart from the introduction and conclusion the research consists of two parts. The first part is the theoretical aspects of the research, which consists of two sections. The first section identifies the two concepts of violence and politeness/tenderness in terms of language with their semantic features and levels. The second section is dedicated to the speech act theory with identifying violent and polite acts within the speech act theory. the rest of the section deals with discourse, political discourse and election discourse.

The second part represents the practical side of the research, which identifies violent and polite speech acts in the discourse of the elected lists including the analysis of the Kurdistani and Goran ( the Change Movement) lists. The research ends with the conclusion, list of references

and the abstract in both Arabic and English languages.

**نمونەی گوتار**

**گوتاری لیستی گوردستانی**

**گوتاری یەکەم**

نێرەر: جەلال عیسامەدین تاڵەبانی

١. سڵاوی خۆشەویستیمان بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی سەرکردەکانی هەردو پارتی هاوبەش، هاوخەبات، هاوبەش لە فیداکاری و خزمەتکردن لە پێناو گەلەکەیاندا سڵاوتان لێبێت.

٢. لەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستاندا لە بارودۆخی ئیستای ناوچەکە و عێراق و هەرێمدا وەک سکرتێری گشتی مام جەلال بە ئەرکی سیاسی و دیموکراسی سەر شانی خۆمم زانی پەیامیکی تایبەتیم بۆ گەلەکەمان هەبێت بیرو رای خۆم بۆ هاوڵاتیانی کوردستان ڕونبکەمەوە لە پێشەوە مایەیی سەربەرزیە کە شۆرشە سەرکەوتنەکەی ئێمە شۆرشی کۆمەڵانی خەڵک وشۆرشی دیموکراتی ورزگاری بو بۆعێراق وبۆکوردستان هەمیشە بە وەفاین بۆ سەرەتاکانی دیموکراسی.

٣. هەندێک لە شۆرشە سەرکەوتوەکانی دنیا بەناوی شەرعیەتی سەروەریەوە، هەمو مافێک دەگرنە دەست خۆیان هیچ ماوەیەک بە کۆمەڵانی خەڵک نادەن رەئیان دەربرن، بە پێچەوانەوە وا ئێمە لە بەرچاوی ئێوە لە بەرچاوی هەموکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بیرو رای خۆمان دەردەبرین و خۆمان کاندید دەکەین بۆ ئەو پۆستەی ئێوە پێمان شایستە دەبینن.

٤. دیارە لەپێش هەموویانەوە رۆڵەی بەزو دلێری گەلەکەمان کە هەرلە مندالیەوە هەر لەسەرەتای ژیانیەوە پێشمەرگەیەکی دێرین و تێکۆشەرێکی نەبەردی کوردستان بو رۆڵەی خۆشەویست و دڵسۆزی گەلەکەمان جەنابی کاک مەسعود بارزانی هەمومان بەدڵ و

بەگیان دەیپالێوین بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چونکە بەراستی بەبێ موجامە لە بەبێ پیاهەڵگوتن شایستەی ئەم پۆستەیە چاکترین کەسە لە کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی بەم ئەرکە مێژوییە هەڵبستێت هەم لەبەرئەوەی کە ڕۆڵەیەکی ژیرو تێکۆشەرە کۆڵنەدەری گەلەکەمانە هەم لەبەر ئەوەی ڕۆڵەیەکی نیشتمانی ناسراوی سەرتاسەری کوردستانە ڕۆڵەیەکی نیشتمانپەروەری هەمو عێراق وناسراوی ناوچەکەو ئەوروپاو دنیایە جێی شانازیە بۆمان کە سەرۆکێکمان هەبێت کەناوی هات هەمو کەسێک بزانێت کێیە خەباتی چیە ڕابردوی چی بووە رۆڵەی چ قارەمانێکی گەورەی میلەتەکەمان بوە.

٥. من دڵنیام هەموتان هەمومان بەدڵ و بەگیان دەنگ دەدەین بۆ کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

٦. هەمیشە بە شەرەفێکی گەورەم زانیوە لام وایە کاک مەسعودیش هەر وابووە کە رۆڵەی دڵسۆزی نەتەوەکەمان بین، سەرەرای ئەوەی وڵاتەکەمان داگیرو دابەشکرابو لەهەمو مافێکی ئەو سەردەمە بیبەشبو و درندانەترین رژێم بەرەنگارمان ببۆوە بەڵام بەشەرەفمان زانی درێژەمان دا بە خەباتەکەمان و بە هاوکاری و فیداکاری و سەربەرزی بە تایبەتی بە هاوکاری و هاریکاری پارتی و یەکێتی و هەمو ئەو هێزانەی تری کە هاوبەشیانکردین گەلەکەمان بگەیەنینە ئەو رۆژە ئەو رۆژە خۆشەویستە کە جەژنە جەژنی ئازادیە جەژنی دەنگدانی سەربەستیە جەژنی گەلی خەڵکی کوردستانە.

٧. لە شارێکی دێرینی کوردستان کە هەزاران ساڵە خۆی ڕاگرتوە لە بەرامبەر داگیرکەران و پەلاماردەرانی کوردستان هیچیان نەیانتوانیوە قەڵاسەربەرزەکەی هەڵکەنن بۆیە جێی شانازیمانە کە ئەم شارە ئەمرۆپایتەختی کوردستانە.

٨. لەم شارەوە ئێمە بانگەوازی داواکردنی پێشخستن و یارمەتیدان و هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی دەکەین.

٩. لەپێش ئەم شۆڕشەی ئێمە دا لەپێش ئێمەو مەمانان و کاک مەسعودو بەندە دا گەلیک شۆرش و گەلێک سەرکردەی گەورەو لێهات و لێزان هاتونەتە کایەوە خەباتیان کردوە سەرو ماڵ و ژیانی خۆیان لەسەر گەلەکەیان داناوە ویستویانە ئەم رۆژە بهینەدی بەڵام هەڵوباری ئەم سەردەمە هەلومەرجی تایبەتی و بابەتی گەلەکۆمەکی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و گەورەکانی دنیا نەیان هێشتوە شۆرشەکانمان بەم ئامانجەی ئەمرۆ بگات بەڵام لەسایەیی خەباتی کۆڵنەدانی خەڵکی کوردستان و کۆلنەدانی پارتی و یەکێتی ڕۆڵە دڵسۆزەکانمان لەسایەیی خوینی دەیان هەزار شەهیدی قارەمان توانرا ئەم رۆژە بێتەدی.

١٠. ئەم رۆژە رۆژێکی مێژویی گرنگە ڕۆژێکە گەلەکەمان سەدان ساڵ خەونی پێوە دیوە کە هیچ نەبێت لە بەشێکی وڵاتەکەی بتوانێت خۆی حوکمی خۆی بکات ئەویش بە شێوەیەکی دیموکراتی حوکمێک کە کۆمەڵانی خەڵک هەڵیبژێرن هەڵبژاردنێکی هەبێت کە بە ئارەزوی کۆمەڵانی خەڵک بێت پەرلەمانەکەی بەئارەزوی ئەو کۆمەڵانی خەڵکە بێتەدی و لە پەرلەمانیشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێتە کایەوە.

١١. بێگومان هەموتان دەزانن کە ئێمە وڵاتێکی کاول و وێرانمان بۆ بەجێ مابو بەڵام لە دوای راپەرینی ١٩٩١ ەوە سەرکەوتین و توانیمان دەسکەوتی دیار بۆ گەلەکەمان بەدەست بهێنین.

١٢. لەوەڵامی ئەو کەسانەی کەدەڵێن هیچ نەکراوە هیچ نەبوە دەڵێم سەرەرای کەم وکورتی و هەڵەو ناتەواوی فەرمون چاو بخشێنن بە کوردستاندا چاوبخشێنن بە زاخۆ دهۆک هەولێر سلیمانی هەمو شارەکانی کوردستان تاببینن چ گەشەکردنێک و پێشکەوتنێک هاتۆتەدی چ پێشکەوتن لە بواری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردە وبازاری ئازادو سیاسی و ئاسایش و دبلۆماسی ڕوناکبیری ئاوەدانی گەشتوگوزار ئازادی بیرورا هاتۆتەدی جۆرە

ئازادیەکی بیرورا کە لە وڵاتی ئێمەدا هەیە بێ وێنەیە تەنانەت زۆریش لەو کەسانەی کە کەڵک لەم ئازادیە وەردەگرن وەک خۆی پەیرەوی ڕەوشتەکانی ناکەن هەندێکیشیان پەتەکە دەپسێنن و ئازادی بە شێوەیەکی ناتەواو بەکاردینن.

١٣. لەدوای روخانی رژێمی دیکتاتۆری عێراقەوە وڵاتێکی دیکتاتۆری کە تیایدا گەلی کورد لە هەمو مافەکانی خۆی بیبەش بو،کرابە عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵ، ئەم عێراقە دیموکراتە فیدراڵە بەری رەنجی هەمو هێزەکانە بە پارتی ویەکێتی نیشتیمانی کوردستانیشەوە، بە خەباتی هێزە پێشکەوتو خوازەکان توانرا لە دەستوری ئەم عێراقە دا فیدراڵی و گەڵێک لە مافەکانی میژویی تری گەلی کوردستان بچەسپێنرێت و داخیل بکرێت دەسکەوتەکان دەسکەوتی گەورە گەورە بەدیهاتوە لە ناو دەستوری هەمیشەیدا دەستەبەر کراون بۆیە پاراستنی ئەو دەسکەوتانە گەشە پێدانیان ئەرکی سەر شانی هەموانە هەر یەک لە ئێمە هەر کەسێک نیشتمان پەروەربێت واجیبیەتی کە ئەو کوردستانە رزگارە بپارێزێت حکومەتی هەرێم بپارێزێت پەرلەمانی کوردستان بپارێزیت مافەکانی فیدرالی و دیموکراسی بپارێزیت نیشتیمانپەروەری راستەقینە ئەمەیە نەک هەر فیشاڵ و قسەی گەورەو بێسەروبەر.

١٤. بەڵی خوشک و برایان بێ پێچوپەنا پێتان دەڵێم کەموکورتیمان هەبوە.

١٥. بەڵام وڵاتێکی کاولکراو وڵاتێک کە سەدانساڵ لە دەستی بێگانە دابوە لە هەمو مافەکانی پێشکەوتن بێبەشبوە نەیتوانیوە و ناشتوانێت بە ماوەیەکی کەم ئەم هەمو کەموکورتیانە جێبەجێ بکات بۆیە وەختی دەوێت و پلانی دەوێت تا هەمو مافەکان دێنەدی.

١٦. لێرەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە کە بەردەوام لە خەمی ئەوەداین حکومەت پێش بخەین گەشەی پێبدەین چاکسازی بکەین کەموکورتیەکان نەهێڵێن.

١٧. جگە لەوەی یەکیتی سێهەمین کۆنگرەی لەم ساڵ دەبەستێ.
١٨. بێگومان لەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانیشدا لیستی کوردستانی پەیامی نوێ وبەرنامەی نوێی خۆی بۆ گەلەکەمان پێشکەش دەکات لیستی کوردستانی بەڵێنی داوە نوێکاری و ئاوەدانی فراوانتر لە کوردستان جێبەجێ بکات،لە هەمانکاتدا لیستی کوردستانی پەیماندەدات کە باشتر لەجاران کەموکوری و تەنگ و چەڵەمەکان چارەسەر بکات گوزەرانی خەڵکی کوردستان چارەسەر بکات گوزەرانی خەڵکی کوردستان باشتر بکات عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە موچەو هەلی کارکردن و دابینکردنی خانوبەرەو پێشخستنی خوێندن و خوێندەواری باڵا باشتر بهێنێتەدی هەروەها بۆ پێشخستنی ژنان لە پێگەکانی دەسەڵات لە پێناو یەکسانیدا زیاتر لە جاران تیبکۆشێت بۆ لاوانیش لیستی کوردستانی بەرنامەو پرۆژەی فراوانی هەیە.
١٩. دەمانەوێت دڵنیاتان بکەینەوەکە دروشمەکانمان دروشمی ژنان وئافرەتان ولاوان بۆ سەرەوە بۆهەمهو سەرکردایەتیەکان درۆشمێکی راستەقینەیەوە ئینشائڵا بەهۆی لیستی کوردستانیەوە دێتەدی لە لیستی کوردستانیدا رێژەیەکی زۆرلە ژنان ولاوان پاڵیوراون ئەی خەڵکی ئازادی کوردستان لەبەر ئەم راستیانەی سەرەوە کە باسم بۆکردن.
٢٠. بە دڵنیایەوە لە خۆم ڕادەبینم ئەم جارەش وەک مام جەلال داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەم دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن دەنگ بەسەرۆک مەسعود بارزانی بدەن هەتا بتوانێت درێژە بەخەباتی سیاسی دیموکراسی ئیداری ئاوەدانی ئاسایش بدات وە باقی مافەکان بهێنێتەدی داواکاریشم یەک بەیەکەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە دەنگە دڵسۆزانەیان بە جەنابی مەسعود بارزانی بدەن، هەتا جەنابی مەسعود بارزانی بتوانێت لە خولی ئایندەی پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا ئەو ئەزمونە زۆرو زەبەندەی

هەیەتی بخاتە خزمەت سەرۆکایەتی پەرلەمان و عێراق و دیموکراسی و فیدراڵی.

٢١. لەکۆتایدا هاوڵاتیان سڵاوتان لێبێت سڵاوێکی بۆنی خوێنی شەهیدە نەمرەکانتان لێبێت کە بە گیانی پاکیان بە فیداکاریان ئەورۆژەیان بۆ هێنایەنەدی سڵاو لە کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانتان بە فیداکاریان ئەو رۆژەیان بۆ هێنایەنەدی سڵاو لە کەس و کارە شەهیدە نەمرەکانتان کە ئەرکی سەرشانمانە لە داهاتودا هەوڵبدەین ژیان و گوزەرانیان باشتر بکەین سڵاو لە پێشمەرگە دێرینەکان پێشمەرگە جوانەکان سلاو لە ژنان کرێکاران رەنجدەران لە مامۆستاو خوێندکاران فەرمانبەران جوتیاران هونەرمەندان کاسبکاران سڵاو لە دانیشتوانی هەمو خەڵکی کوردستان بەبێ جیاوازی تورکمان عەرەب کلدۆ ئاشوری سریانی کە مژدە بەوانیش دەدەم لە دەستوری هەرێمی کوردستان مافەکانیان رەچاو کردوە نەتەوەی تورکمان نەتەوەی کلدۆئاشوری سریانی نەتەوەی عەرەب نەتەوەی تورکمان وەک نەتەوەی کورد ماف و ئازادیان دەبێت، ئینشاڵا ئەوانیش لە چوارچێوەی ئەم کوردستانەدا بە مافی ئۆتۆنۆمی شاد دەبن.

٢٢. بە وشیاریەکی دیموکراسی کۆمەڵایەتی ئەم هەڵبژاردنەی هەرێمی کوردستان بە ئارامی بەرێوە بچێت لە سایەیی ئازادی کوردستان سەربکەوێت نمونەیەکی تر بدەین بە گەلانی کوردستان نەک هەر نمونەیەک لە پێشکەوتن و ئاوەدانی و دابینکردنی ئازادی و رزگاری بەڵکو لە پەرلەمانیش))

**گوتاری دوەم**

**نێرەر / مەسعود مستەفا بارزانی**

١. پێشەکی پیرۆزبایەکی گەرم لە ئێوە و لە رێگەی ئێوەوە لە هەمو گەلی کوردستان دەکەم و ئەورۆژەی کە بە خوێنی شەهیدان، کە

بەرهەمی خوێنی شەهیدان و رەنجی هەزاران تێکۆشەرو قارەمانە کە لە رۆژێکی وادا ئێمە هەنگاو دەنێین بەرەو هەڵبژاردن کە هەڵبژاردن بنەمای پرۆسەی دیموکراسیە.

٢. سوپاسی بێپایانم بۆ ئێوەی خۆشەویست بۆ ئامادەبونتان بۆ ئەو هەستە پیرۆزە.

٣. پێشموایە هەر پەیامی ئێوە ئیمرۆ پەیامێکی زۆر رون و ئاشکرایە بۆ هەمو کەسێک بۆ هەمو لایەنێک چ لەناوەوە چ لە دەرەوە کە لە لیستی کوردستانی، بەڵێ لیستی کوردستانە. بەتایبەتی سوپاسێکی گەرم ئەو گەنجە خۆشەویستانە دەکەم کە دوژمنان و ناحەزانی گەلەکەمان زۆرجار خۆیان واپیشان دەدەن کە گەنجەکانمان نارازین و کوردستان بەجێدەهێلن بەڵام دیسان ئێوەش گەنجانی خۆشەویست ئێوەش وەڵامێکی بەهێزتان دایەوە بۆ هەمو ناحەزان.

٤. ئەندامان وهەواداران ولایەنگرانی( ی.ن.ک)و( پ.د.ک) ئێوە دەبێت هەست بە سەربەرزیەکی گەورە بکەن چونکە بە خوێنی ئێوە بەرەنجی ئێوە میلەتی ئێمە گەیشتە ئەورۆژە.

٥. هەروەها نابێت ڕۆلی هاوپەیمانانی ترمان لە بیر بکەین ئەوانەی کە هاوپەیمانمان بوون و ئیمرۆش هەر بە هاوپەیمانیان دەزانین،کە لە خەباتی سەختی رۆژانی شۆرشدا پێکەوە خەباتمانکرد بۆ ئەوەی ئەم ئازادیە بۆ میلەتەکەمان بەدیبێنین چۆن ئەرکی ئێوە بوو ئەم ئازادیە بەدیبێنن ئیمرۆش ئەرکی ئێوەیە کە بیپارێزن با رۆژی ٢٥ی تەموز بکەین بەرۆژی جەژنێکی نەتەوەیی روی گەشە نەتەوەکەمان پیشانی هەمو دنیا بدەین.

٦. داواتان لێدەکەم بەهیچ کەسێک ئیستیفزار نەبن دەبێت ئێوە زۆر بەرزترین لەوەی بێنە ئەو مستەوایە کە راتانکێشن بۆ هەڵوێستێکی ناراست بۆئەوەی بیکەنە بەهانە.

٧. ئێمه پەیمانمانداوه به گەلەکەمان و ئێستاش دوپاتی دەکەینەوه هەر هەنگاوێک که پێویستبێت بۆ گرەنتیکردنی هەڵبژاردنێکی ئازادو شەفاف و دیموکراتیانه ئێمه ئامادەین.
٨. داوامانکردوه له کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان زۆرترین ژمارەی چاودێری بێگانه بێنن چ له ئەمریکا چ له ئەوروپا چ له کۆمکاری عەرەبی چ له وڵاتانی دەوروبەر بۆئەوەی به چاوی خۆیان ببینن که ئەم هەڵبژاردنه به چ شێوەیەک بەرێوه دەچێت بۆ ئەوەی کەس مەجالی ئەوەی نەمینێت تانەی لیبدات.
٩. خوشک و برایانی بەرێز ئەم دەسکەوتانه که بەدەست نەدەهاتن ئەگەر یەکێتی ریزەکانی گەلەکەمان پتەو نەبوایەو دەبێت له بیرتان نەچێت بناغەی یەکیتی ریزەکانی گەلەکەمان یەکێتی نێوان پارتی و یەکێتیه بۆیه پارتی و یەکێتی بەیەک لیست دابەزی بۆ ئەوەی پەیامێکی رون و ئاشکرا بدەن بەهەمو دنیا که جارێکی تر لەم کوردستانه له پارتی و یەکێتی نزیکتر نابن بۆ یەکتری جارێکی تر رێگه نادەن دوژمنان یاری به چارەنوسی گەلەکەمان بکەن.
١٠. با رۆژی ٢٥ ی تەموز بکەینه رۆژی نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ گیانی شەهیدانی سەربەرزی گەلەکەمان لەگەڵ ئەوپەری ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەمو لیست و قەوارەکان که هەمویان له نیهایەتدا کوردن و کوردستانین براو کەسی ئێمەن.
١١. بەڵام من وەک هاولاتیەکی ئەو کوردستانه دەنگ به لیستی کوردستانی دەدەم.
١٢. ئێمه سەر بەرزین که ئیمرۆ له کوردستاندا خەڵکی کوردستان ئازادە ئەوانەی نایانەوێت روناکی ببینن ئەوانەی نایانەوێت ڕاستی و حەقیقەت ببینن با هەر بۆخۆیان بڵێن.
١٣. بەڵام ئیمرۆ سوپاس بۆ خوا میلەتی ئێمه ئازادە برایەتیەکی تەواو هەیه له نێوان کوردو تورکمان کلدان و ئاشورو سریان و هەمو ئەوگەلانەی که لەکوردستان دەژین ئیمرۆ هەرێمی کوردستان له

ئاستێکی زۆر بەرز دایە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئیمرۆ عێراق خاوەنی زۆر زۆر پێشکەوتوە کە ڕۆڵی کورد لە دانانی ئەو دەستورە ڕۆلێکی سەرەکی بو بۆیە ئێمە پابەندی ئەو دەستورەین.

١٤. بە شانازیەوە دەڵێم بەسوپاسێکی زۆریشەوە بۆ سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان کە ئیمرۆ پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانیان پەسند کردو.

١٥. ئینشللا لە رۆژی ٢٥ی تەموزئەم دەستورەش دەنگی لەسەر دەدرێت و دەبێتە چقلی چاوی هەمو دوژمنان و ناحەزان.

١٦. من نامەوێت لەوە زیاتر درێژە بە قسەکانم بدەم چونکە دیارە چەند وتەیەکی تر هەیەبۆیە من جارێکی تر پر بەدڵ سوپاستان دەکەم داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم هەربژین بۆ کوردو کوردستان.

## لیستی گۆڕان

### نێرەر/ نەوشیروان مستەفا ئەمین

١. کوردستانیانی خۆشەویست ڕۆژی شەمە ٧/٢٥ هەمومان ئەچینە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان چارەنوسی کوردستان بۆ قۆناغێکی زۆر هەستیارو ناسک دەستنیشان دەکەین ئەوەی ئەو چارەنوسە دیاری ئەکا دەنگی ئێوەیە.

٢. ئومێدی گەورەمان ئەوەیە کە هەر کەسێ کە ئەچێتە بەردەم سندوقەکان بیری تەواوی لە نرخی دەنگی خۆی کردبێتەوە بۆ هەمو ئەوانەی کەبڕیاریان داوە دەنگ بەلیستی ئێمە بەن بۆئەوانەش کە دو دڵن.

٣. جارێکی کەش هەندێک لە نیازو ئامانجە سەرەکیەکانی لیستی گۆران کورت ئەکەمەوە بە مەبەستی ئەوەی هەمو کەسێ لە کوردستانا

دەنگ بەچی ئەداو بزانێ شوناسی لیستەکەی ئێمە چیەو ئەتوانێ چ چاوەروانیەکی لە ئێمە هەبی.

٤. یەک: ئیشکردنی ڕاستەوخۆ لەسەر کێشەکانی خەڵک واتا ئەمانەوی ببینە بزوتنەوەیەکی سیاسی بەگوێ گرتن لە خەڵک و ڕەنگدانەوەی خێرا بەرامبەر بە داواکاریەکانیان ئامانجی یەکەممانە ئێمە زۆر مەبەستمانە کادیرو کەسە چالالکەکانمان لە جەماوەر دور نەکەونەوە نامانەوێ خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست و کورسی داگیر بکەن بەڵکو ئەمانەوێ کادیرەکانمان لە ناو خەڵک خۆیان ئەو کادیرو تەکنۆکراتانە پاک و زیرەکانە بدۆزنەوە کە ئەتوانن باش ئیدارەی دەوڵەت بکەن.

٥. بۆیە هەوڵی یەکەمان گرێدانەوەی سیاسەتە بەخەڵکەوە ئێمە لە بەرنامەی خۆمانا ئەمانەوێ ئەو هەڵەیەیی هێزەکانی تر دوبارە نەکەینەوە کە کادیری حیزبی خۆیان کرد بە کادیری بیرۆکراتی بەڵکو ئەمانەوێ دیموکراسیەت وەک پڕۆسەیەک تەماشابکەین کە لە خوارەوە لەناو کۆمەڵگاوە دەست پێئەکاو بۆ سەرەوە ئەروا بەکولی ئامانجی سەرەکیمان کاریک بکەین دەسەڵات لەو سندوقە داخراوە وە خۆی دەربهێنین و کارێ بکەین دەنگی خەڵک و کێشەکانیان و خواستەکانیان نەکەوێتە پەراوێزەوە دروشمە سەرەکیمان ئەوەیە خەڵک نابێ بکەوێتە پەراوێزەوە.

٦. دو: ئەمانەوێ و ئیشی جدی دەکەین بۆ ئەوەی بزوتنەوەیەکی سیاسی کوردستانی بین واتا ئێمە ئیش بۆ دیموکراتیزەکردنی هەمو کوردستان دەکەین نەوەک بۆ ناوچەیەک یاخود شارێک بە پێچەوانەوە پێمان وایە هەمو کوردستان لە زاخۆوە تا خانەقین و مەندەلی وەک و یەک زیانیان پێکەوتوە ئەو سیاسەتەی تا ئێستا پەیرەو کراوە بەیەکسانی زیانی لە هەمو کوردێ داوە لێرەوە لابردنی زوڵم و دیفاعکردن لە کەرامەتی مرۆڤی کوردو مافە سەرەتای و بنەرەتیەکانی ئامانجی هەرە گەورەی ئەم بزوتنەوەیە.

٧. ئێمە نەهاتوین تەنیا گۆڕان لە ناوچەیەکا بکەین بەڵکو هاتوین و ئەمانەوێ گۆڕان لە شێوەی حوکمرانیا بکەین واتا گۆڕان لە پێگەی هاولاتیاو گۆڕان لە تێگەیشتنمانا لە ماف و عەدالەت و دیموکراسی ئەمەش خەمی هەمو هاوڵاتیەکی کوردە چ لە سۆران بێ یا لە بادینان چ یەزیدی بێ یان دیان یان موسوڵمان بۆیە ئێمە خۆمان بە نوێنەری هەمو ناوچەیەکی بەشخوراو هەمو هاوڵاتیەکی بەشخوراوی کوردستان دەزانین.

٨. سێ : نەوەک هەر ئەمە ئێمە ئەزانین کە هۆی ئەو سیاسەتە چەوتەوە کە پەیرەو کراوە سەدان هەزار ژن و گەنج و پیاوی ئەو وڵاتە دڵیان لە کوردستان ڕەنجاوە وایان لێهاتوە لە نیشتیمانەکەی خۆیانا خۆیان بە بێگانە ئەزانن ئەو نیشتیمانە پیرۆزەی کە باو باپیرانیان هەزاران شەهیدیان لە پێناو داوە پیشمان وایە تەنیا لە ڕێگەی گۆڕینی ئەم شێوە دەسەڵاتەی ئێستاوە کوردستان وەک نیشتیمان ئەبێتەوە شوێنێکی خۆشەویست بۆ هەمومان.

٩. دروشمی سەرەکی ئێمە ئەوەیە کوردستان بۆ هەمو ئەوانەیە کە خۆشیان ئەوێ نەوەک بۆ ئەوانەی کە دزی لێئەکەن هەرکەسێ لە دڵەوە ئەم نیشتمانەی خۆشبوێ و دزی لێنەکات و ناعەدالەتی تێدان بەبۆچونی ئێمە ئامانجی لەگەڵ ئامانجی ئێمە دا یەکە ئیتر ئەو کەسە دانیشتوی هەر شارێک و هەر گوندێکی کوردستانبێ لەهەر بنەماڵەو تیرە و هۆزو عەشیرەتێبی لەهەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی بێ.

١٠. چوار: شەڕکردن لەگەڵ گەندەڵی خاڵی سەرەکی بەرنامەکەمانە ئەمانەوێ سەروەت و سامانی کوردستان وەکو یەک بەسەر هەمو خەڵک و ناوچەکانا دابەشبکرێ و هیچ گوندێکی کوردستان و هیچ پارچەیەکی بیبەش نەکرێ لە پەرلەمانا هەوڵ دەدەین ببین بەو دەنگەی کە کێشەی هەمو خەڵک و هەمو گوندێک و هەمو هاوڵاتیەکی کورد بۆ سەرەوە بەرز ئەکاتەوە.

١١. ئێستا ئەبینن کە بەرنامەی کاری سەرەکی خزمەت گوزاری لە ئێستادا بوە بە دروستکردنی چەند شەقام و پەنا ڕێگایەک لەهەندێ شارا و ئیدی لەودیو ئەو شەقامانەوە کە بۆ خەڵەتاندنی چاوی هاولاتی کورد و بەی بێگانە دروستیان کردوە کوردستانێکی وێران دەستپێدەکات و تا سەر سنورەکان کۆتایی نایە.
١٢. ئێمە لە پەرلەمانا هەوڵدەدەین کار بۆ دارشتنی نەخشەیەک بکەین کە گەشەیەکی یەکسان وهاوسەنگ هاوکات بۆبەشی هەرەزۆری شاروشارۆچکەکان دابین بکات نەوەک تەنیا ئەوشەقامانەی مەسئولە حیزبی وحکومەتیەکان پیایاهاتوچۆدەکەن.
١٣. بۆیە بونی تێگەیشتنێکی ڕون لەسەر گەشەی ئابوری و داڕشتنی بەرنامەی گەشەکردنی یەکسان بۆ هەمو بەشەکانی کوردستان دروشمی سەرەکی کارکردنمانە بەڵێن بەجەماوەری خۆشمان دەدەین لەپەرلەمانا ناهێلێن هیچ بوجەیەک تێپەرێ کە وەکو یەک گەشەی هەمو بەشێک و شارێکی کوردستانی نەخسپێتە پلانی خۆیەوە.
١٤. پینج: ئێمە پێمان وایە وەک چۆن سەروەت و سامانی کوردستان بە ناعەدالەتیە وە بەش کراوە دەسەلاتیش هەروەها دەسەلاتیش خراوەتە دەست کەمایەتیەکەوە کۆی ئابوری کوردستان بوە بە بابەتی یاریکردنی ئەو کەمایەتیە کە بە ئارەزوە خۆی بەمەبەستی هەرچی درێژکردنەوەی دەسەلاتی خۆی بەکاری ئەهێنی.
١٥. ئێمە لەو بزوتنەوەیە کاربۆ ئەوە ئەکەین کە دەسەلاتێکی زۆرتر بکەوێتەوە دەست خەڵک دەست نوێنەرە راستیەکانی خەڵک نەوەک ئەوانەی کە دەستکەلای حیزبین زۆرجەخت لەوە ئەکەینەوە کە قۆناغی دەستکەلاکانی حیزب بەرەو کۆتایی بروات و سیاسی گەنج و دیموکراسی خوازو میلەت پەروەر کە لە دڵەوە گەڵ و نیشتیمانەکەی خۆیان خۆش ئەوێ جێگای ئەو کەسە قورمیشکراوانە بگرنەوە.
١٦. بەکورتی ئەمانەوێ و پێمان ئەکرێ دەسەتی هەندێ کوتلە و تاقمی بچوک بەسەر دەسەلاتەوە کەمکەینەوە و بیگێرینەوە بۆ کەسانی

مەدەنی و تەکنۆکرات لێرەوە بەهێزکردنی پەرلەمان بەهێزکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەهێزکردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکان بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی بەهێزکردنی باڵی ناحیزبی لەناو ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و فەرمانبەران و کرێکارانا بەجۆرێک ببنە خاوەنی هێزێکی مەدەنی کەنەبێ بەکۆیلەی مۆزەفە قورمیش کراوەکانی حیزب ئەوە خواستی هەرە گەورەمانە .

١٧. بۆیە بزوتنەوەی گۆڕان لەراستیدا لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا هاتۆتە دەرەوە ئیش بۆ ئەوە ئەکا کە دەسەڵاتی قۆرغکراو لەلایەن کەمایەتیەوە لاوازبکا تا کۆمەڵگای کوردی و گەشەی وشیاری سیاسی مرۆڤی کورد ئەگاتە ئاستێ بەتەواوی کۆتایی بەو جۆرە دەسەڵاتە دزێوە بهێنێ چونکە ئەم جۆرە حوکمە لەگەڵ ڕەوتی گەشەی دیموکراس لەگەڵ دروشمەکانی مێژوی خەباتی سیاسی خەڵکی کورد ناگونجێ.

١٨. ئێمە قورسایی خەباتی خۆمان ئەخەینە سەر ئەوەی نەوەیەکی تازە لە سیاسی گەنج کە پەروەردەیەکی سیاسی نوێ و گیانێکی دیموکراسی هەیە لە داهاتودا جێگای ئەم نەوەیەیی ئێستا بگرنەوە بۆیە بزوتنەوەی گۆران تەنیا بەسەرەتای سەرهەڵدانی نەوەیەکی تازە لە سیاسەتمەدار ئەزانین کە نابێت لەنەوەی کۆن بچێ.

١٩. شەش: جگە لەوانەی ئێمە هەستدەکەین سیستەمی سیاسی ئێستا بەرەو ئەوە ئەڕوا لە هەندێ جومگەیدا لە سیستەمی ویراسی نزیک بێتەوە ئێمە هەمو هەوڵمان دەخەینەکار کەلەکوردستانا دکتاتۆر دروست نەبێ نەهێلین هەمو دەسەڵاتەکان لەدەستی سەرۆکەکانا کۆبێتەوە.

٢٠. بۆیە گەلی خۆمان وشیار ئەکەینەوە کەئەبێ بەرچاویان ڕونبێ و هەر لەسەرەتاوە ببینن کە چ جۆرە شێوەیەکی کوردستان بەرەو دیکتاتۆریەت ئەبات و چ شێوەیەکیش ئازادی دیموکراسی ئەبات

ئەبێت خۆیان و منداڵەکانیان توشی کارەساتێک نەبن کە دواتر بە ئاسانی شوێنەوارەکانی لانابرێ.

٢١. ئێمە لەسالآنی ڕابردودا شێوەیەکی فاشیلی حوکمرانیمان تاقیکردۆتەوە ئەمرۆ هەندێک ئەیانەوێ ئەم شێوە حوکمرانیە رەگ داکوتێ و نەهێلێن هیچ گۆڕانێکی تیا بکرێ ئەیانەوێ دەسەلآت لە باوکەوە بۆ کوڕ لە براوە بۆ ئامۆزاو لە مێردەوە بۆژن بگوێزرێتەوە ئەمە شا ڕێگەیە بۆ پەرەسەندن و ڕەگداکوتانی دیکتاتۆریەت.

٢٢. ئێمە هەوڵدەدەین وە نەیەڵین ئەوە بکرێت بەعورفێکی سیاسی و وەنیشانی خەڵک بدرێ وەک ئەوەی کەئەمە دەرکەوتەیەکی ئاسایی بێ وخەڵکی کورد ناچاری بکرێ قبوڵی بکا ئێمە هەوڵی گەورە ئەدەین کە نەتەوەکانی تری ناو کوردستان ئاش بکەینەوە چونکە هەمو ئەزانین کە ئەو سیاسەتە هەڵەیەیی کەتا ئێستا پەیرەوکراوە تەنیا خەڵکی کوردی نەتۆانراوە بەڵکو هەمو نەتەوەکانی کوردستانی کردوە بە دوژمنی کورد بەردەوام بونی ئەم سیاسەتە زیانی زۆرگەورە لە مافی کوردو لە ڕەوایی مەسەلەکەی ئەیا بۆیە خاڵێکی زۆر گرینگە بۆ ئێمە کە گفتوگۆیەکی کراوەو هەمیشەیی لە نێوان هەمو نەتەوەکان و دیانەتەکانی کوردستانا هەبێ ڕێزی قەوارەی کلتوری و دینی و سیاسیان بگیرێ و نەخرێنە ژێر هیچ جۆرە فشارێکەوە یاخود نوێنەری کارتۆنیان بۆ دروستبکرێ.

٢٣. هەشت: دواخاڵیشمان ئەوەیە کە هەوڵدەدەین ئەخلاق بۆ سیاسەت بگێرینەوەو لەو دەردو نەخۆشیانەی پاکبکەینەوە کە لە ماوەی پێشودا دوچاری بوە ئەمانەوێ ئەخلاقی بەزۆر بەحیزبی کردنی خەلق نەهێلین و ئەخلاقی لێسەندنی باج و سەرانەی نارەوا لە بازرگانان کاسبانی ناو بازار بسرینەوە ئەخلاقی نان بڕین و هەڕەشەکردن لە موچەی خەڵق لابەرین ڕوبەروی زیاتربۆ مافی خۆپیشاندان ومافی قسەکردن بکەینەوە سیستەمێکی قەزا دامەزرێنین لەسەروی هەمو دەسەلآتێکەوەبی حاکمەکان قانون جێبەجێ بکەن

نەوەک بەفەرمانی سەرۆک حیزبەکان وە دواجاریش هەوڵدەدەین سنورێک دابنێین بۆ تالانکردنی بوجەی کوردستان لەلایەن حیزبەکانەوە.

٢٤. لەکۆتایاو لەبەررۆشنایی ئەم خالانەدا داوا لە خەڵک ئەکەم کاتێ ئەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان ئەوەیان لە بیربێ کە بڕیار لە چارەنوسی ولاتەکەیان ئەدەن ئەوەیان لە بیربێ کە بەم دەنگانە لە نێوان گەندەڵی و عەدالەتی کۆمەلایەتیدا لە نێوان گۆڕان و دوبارەکردنەوەی ڕابردودا لە نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆریەتدا یەکێکیان هەڵئەبژێرن.

٢٥. ئەوەیان بیر ئەخەمەوە دوبارەکردنەوەی ڕابردو هەڵبژاردنەوەی ئەم دەسەلاتەی ئێستا جگە لەوەی گەندەڵی زیاتری بەدوادادێ دەوڵەمەندبونی زیاتری دەوڵەمەندەکان و فەقیربونی زیاتری فەقیرەکان بەدوادادێ بچوکبونەوەی زیاتری ئازادی ڕۆژنامەگەری قسەکردن و چالاکی سیاسی بەدوادادێ هیچی تری بە دوانایەت داواشم ئەوەیە ئەوانەی کە نایانەوێ دەنگ بەن کەبەسەر ئەو بڕیارەی خۆیانا بچنەوە.

٢٦. چونکە هەمو ئەزانین ئەوانە کە نایانەوێ دەنگ بەن ئەو خەڵکەن لە سیاسەت تۆراون و بێ هیوابون بەلام دەنگ نادەن جگە لەوەی ئومێدی گۆڕان و بێ هیوایی گەورەتر ئەکات ئەنجامی تری نابێ با هەمو پێکەوە هیوایەک بەینەوە بەخۆمان و میلەتەکەمان و نەهیلین لاوازی زەفەرمان پێبەرێ.

٢٧. دیارە دوا بڕیار لەسەر هەمو ئەم مەسەلە گەورانە لای ئێوەی دەنگدەرانە هەرچیەک لە سندوقەکانی دەنگدانەوە بەڕاستی و بەپاکی بێتە دەرەوە ئێمە ڕێزی ئەگرین و جگەلە عەدالەت و خۆشبەختی و ئاشتی هیچی ترمان بۆ میلەتەکەمان ناوێ هەرگیز قبولیشی ناکەین غەدری لێ بکرێ وەبەبێ کەسی بمێنێتەوە.

٢٨. ئەو ڕاستیەش بۆ خەڵک دوبارە ئەکەمەوە کەئەنجامەکانی هەڵبژاردن هەرچیەک بێ بزوتنەوەی گۆران بەردەوام دەبێت و خۆی بە بەشێکی زیندوی کۆمەڵگای کوردی ئەزانێ ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئەمە نەهاتوە کە لەهەڵبژاردنێکا بەشداری بکات و بڕوات بەڵکو بۆ ئەوە هاتوە بە نەفەسێکی درێژ کاربکاو لەماوەی دورا ڕوبەروی گەندەڵی و نەبونی عەدالەت بوەستێتەوە.

٢٩. دواجاریش ئومێدەوارین پڕۆسەی هەڵبژاردن پڕۆسەیەکی پاک و هێمن بێ ئیرادەی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردی تیا بەرجەستەبی ببێتە جەژنێکی دیموکراسی بۆ هەموان خالیبێ لەهەر یاریکردن و دەستتێوەردانێک کەپاکی پڕۆسەکە بشێوێنێ خەڵکی کوردستان توڕەبکا وە ئومێدی سەرکەوتن بۆ خەڵک و بۆ دیموکراسیەت لە کوردستاندا بەخواتان ئەسپێرم.